**Zanco** Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.SpA.4

# بەلاهوتیکردنەوەی سیاسەت:جێگەوتی "بواری سیاسی و ئاوارتە" و دەرکەوتەکانی "لاهوتی سیاسی" بەپێی تیۆریی (کارل شمیت)

**ئیدریس شێخ شەرەفی/** سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان ، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر ،هەرێمی کوردستان، عێراق

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Idrees Shekh Sharafi
Idrees.mustafa@su.edu.krd

RECEIVED :14 /06/2025
ACCEPTED :10/09/ 205
PUBLISHED :15/02/ 2026

**پوختە**

بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئاوڕدانەوەیە لە تیۆریی کارل شمیت سەبارەت بە بواری سیاسی the Political، و تێگەیشتنی ئەو بۆ کێشەزای بنەڕەتی دەوڵەتی مۆدێرن وەک بەرەنجامی رۆشنگەری و مۆدێرنیتە. هاوکات تیشک دەخەینە سەر ئەو رەخنە ریشەییانەی ئاراستەی هزری لیبڕاڵی دەکات لە پەیوەندی بە لاهوتی سیاسی و قۆناغە مێژووییەکان یان پانتایی سەنتەری گۆڕاو لەسەر بەرهەمەێنانی شەرعیەت. توخمە سەرەکییەکانی هزری شمیت لەمەڕ سیاسەت، لە دەوری "ئاوارتە (الاستثناء)" و "سەروەری" و "بڕیار" دەخولێتەوە، ئاست و پێگەی ئەم تێرمانە لە پێناسەکردنی دەوڵەت و شوێنگەی بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و هتد، رەسەنبوونی بواری سیاسی نمایان دەکات. لاهوتی سیاسی لە رونگەی شمیت وەک خاڵی بەرانبەری بانگەشەی بەعەقڵانیکردن و بەدونیاییکردنی دەوڵەتی مۆدێرن بە ژێربونیاد ناوزەد دەکەین و توێژینەوەکە ئەم تێزە بەکاردێنێت بۆ تێگەیشتن لە جێکەوتی پرۆسەی بەلاهوتیکردنەوەی سیاسەتی هاوچەرخ و بانگەشە بنەڕەتییەکانی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان خەمساردی و بێزاری لە دیموکراسی و سیستەمی نوێنەرایەتی و بەئابووریکردنی بواری سیاسی لەلایەک و دەرکەوتەکانی هەڵبژاردن و گوتاری مافی گەردوونی مرۆڤ و ئاپۆڕای خۆپێشاندان وەک جۆرێک لە سرووتی لاهوتی کە بە سەربونیاد ناودێرکراوە.

**وشە سەرەکییەکان:**
لاهوتی سیاسی،
ئاوارتە،
بڕیار،
سرووتی هەڵبژاردن،
گوتاری مافی مرۆڤ،
ئاپۆڕای خۆپێشاندان

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

تێگەیشتن لە چەمکی سیاسەت و بواری سیاسی the political لە هزری هاوچەرخدا بە تایبەتی لەسەردەمی بەجیهانیبوونی ئابووریدا بووە بە بابەتێکی گرنگی بیرکردنەوە و توێژینەوەی زانستی. مرۆڤ بەو پێیەی بەردەوام لە نێوان پەیوەندییەکانی هێز دایە، ئاستەکانی پەیوەندی نێوان شەرعیەت و مەشروعیەت و یاسا و ئاوارتە و پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدار و ژێردەستە، سنووری تێگەیشتن لە بواری سیاسی دیاریدەکات و لەم سۆنگەیەوە، هەر کاتێ مرۆڤ لەم سنوورە داببڕێت بە رەو دابڕان لەسیاسەت و ناسیاسیبوون دەچێت و هەر ئەمەشە بایەخی "گەڕانەوەی بواری سیاسی" لە زانستە سیاسییەکان هێناوەتەئارا.

تێز و تیۆرییەکانی کارل شمیت* Carl Schmitt وەک تیوریسیەن و یاساناس، بە هۆی دیدگای تایبەت و تاقانەی بۆ بواری سیاسی و چەمکی سیاسەت وایکردوە کاریگەری هەم لەسەر فەیلەسوفە لیبراڵەکانی وەک لیۆ شتراوس و ریمۆن ئارۆن و سامۆئێل هانتیگتۆن و فریدریش هایک و هانا ئارێنت هەبێ و هەم لەسەر بیرمەندانی چەپی رەخنەیی وەک یورگن هابرماس و هەم لەسەر ئاراستەی چەپی رادیکاڵ وەک والتر بنیامین و شانتاڵ موفە و جۆرجۆ ئاگامبێن و سلاڤۆی ژیژەک. ئەوە جگە لەوەی شمیت هەندێ لە ئەرگیۆمێنتە بنەڕەتییەکانی سیاسەتی مۆدێرن دەخاتە ژێر گومان و پرسیار. بەم جۆرە لە کۆی بەرهەمەکانی کە بریتین لە: لاهوتی سیاسی١٩٢٢، رۆمانتیسیزمی سیاسی ١٩٢٥ تیۆری دەستووریی ١٩٢٤، قەیرانی دیموکراسی پەرلەمانی ١٩٢٣، چەمکی سیاسی ١٩٢٧، سەبارەت بە دیکتاتۆرییەت ١٩٣٣، تیۆری پارتیزان ١٩٦٦ هەوڵیداوە پەیوەندی نێوان بنەڕەتە میتافیزیکیەکانی لاهوت و بەدونیاییکردنی سیاسەت و فۆرمەکانی بەناسیاسیکردن بخاتەڕوو و هاوکات کەلێنی نێوان دیموکراسی و لیبرالیزم پێشان بدات.

**گریمانەی توێژینەوە:** ئەو بنەڕەتە لاهوتیەی کە شمیت بۆ سیاسەتی مۆدێرن وەک ژێر بونیاد جەختی لەسەر دەکاتەوە و پێیوایە بەدونیاییکردنی و بەعەقڵانیکردنی بواری سیاسی لەسەردەمی مۆدێرنیتەوە نەیتوانیوە تێیبپەڕێنێت، توێژینەوەکە ئەرگیۆمێنتی ئەوە دەخاتەڕوو کە لە دونیایی هاوچەرخدا سەربونیادیشی گرتووەتەوە و دەرکەوتەکانی سیاسیەکان بەلاهوتیکراون. هەربۆیە دەشێت سیاسەتی نوێ لە چەندین پانتایی دا دوای تێپەڕکردنی مۆدێرنەی رۆژئاوا و کاریگەری شەپۆلەکانی مۆدێرنە لەسەر بەشەکانی تری جیهان جۆرێک لە گەڕانەوەی لاهوت و بەلاهوتیکردنەوەی سیاسەت ببینین کە هەمان سرووت (طقوس) و مەراسیمی ئاپۆڕای جەماوەری.

**پرسیاری توێژینەوە:** پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا سیاسەت جەوهەر یان ناوەرۆکێکی تایبەتی هەیە؟ ئایا وەک بانگەشە دەکرا لە دوای مۆدێرنە سیاسەت توانیوەیەتی لە بنەڕەتە لاهوتییەکان رزگاری بێت، عەقڵانیەت و بەدونیاییکردن بواری سیاسی بە چی ئاراستەیەک دا بردووە؟ پەیوەندی نیوان بڕیار و ئاپڕای جەماوەر لەسەر سیاسەت وبە ناسیاسیکردن چۆنە؟

**میتۆدی توێژینەوە:** بە پێی تیۆری شمیت بۆ سیاسەت و بواری سیاسی و بە میتۆدی شیکاری-رەخنەیی هەوڵدراوە توێژینەوەکە ئەنجام بدرێت.

**گرنگی توێژینەوە**: قسەکردن لەسەر بواری سیاسی و گەڕانەوەی سیاسەت لەسەردەمی هەژموونی بازاڕ و ئابووریدا بایەخی تایبەتی مەعریفی و پراکتیکی هەیە، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ قسە لەسەر چارەنووسی خۆی بکات.

* کارل شمیت (١٨٨٨-١٩٨٥) فەقیهی یاسایی و دەستووری و تیۆریسیەنی سیاسی ئەڵمانی، وەک بیرمەندێکی دیاری هزری سیاسی توانیویەتی کاریگەرییەکی زۆر هەم لەسەر بیری یاسایی و هەم لەسەر بیری سیاسی دابنێت. سەرەڕای لایەنگری لە تێزە ناسیۆنالیستییەکان و پەیوەندیکردن بە نازییەکان و بوون بە ئەندامی لەو حزبە و وەرگرتنی کۆمەڵێک پۆست، دواتر لە ١٩٣٦ لەو پارتە دەردەکرێت. پاش کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی لە گرتووخانەی ئەمریکییەکان دەستبەسەر دەبێت و لە دادگای نورنبێرگ دادگایی و دواتر ئازاد دەکرێت بێ ئەوەی هیچ تۆمەتێکی بەسەردا ساغ ببێتەوە.

### ١-شميت و ژێربونیادی سیاسەت

### ١-١: لاهوتی سیاسی و گەڕانەوەی بواری سیاسی the political

تێگەیشتن لە دەوڵەتی مۆدێرن وەک دەرکەوتەیەکی تایبەتی شارستانیەتی رۆژئاوا کە لە فۆرمی دەوڵەت/نەتەوە دا خۆی بەیان دەکات و دواتر وەک پرەنسیپ دەبێت بە دەوڵەتێک کە یاسا و سەروەری لە لایەک و ماف و ئازادی لە لایەکی ترەوە پەیوەست دەکات بە بیرۆکەی ویستی هاووڵاتیان، لە لایەکەوە لە دیدگای جیاوازی فەلسەفی و یاسایی و مێژووییەوە شیکردنەوەی بۆ کراوە، و لە لایەکی ترەوە فاکتەری جیاواز وەک بزوێنەری سەرەکی دەرکەوتەی "دەوڵەتەکە" ئاماژەی بۆ کراوە. بۆ نموونە هیگڵ گەشەی خود-ئاگایی و عەقڵانیەت بە فاکتەری سەرەکی دەزانێت (هیگل، ١٣٨٥، ١٨٢) مارکس کار و ململانێی چینایەتی و ماکس ڤەیبەر ئەخلاقیاتی پرۆتسانتی بە تایبەتی هاندانی ئابووری (فیبر، ١٩٩٠،٧) بە هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرن لە هەناوی سیستەمی سەرمایەداری دادەنێت. کەواتە هەم کاریگەری فاکتەرە زهنییەکان و هەم فاکتەرە ماددی و ئابوورییەکان و هەم کارتێکەری یەکەم لەسەر دووەمیان جێگەی بایەخی هزری سیاسی بووە، هەربۆیە دووبارە پێناسەکردنەوەی پەیوەندی نێوان تاک و واقیع یان مرۆڤ وەک بوونەوەرێک کە رۆڵ دەگێڕێت دەبێت بە یەکێک لە بنەڕەتە سەرەکییەکانی سیاسەتی مۆدێرن.

لیۆ شتراوس پێیوایە حوکمی دەوڵەتی مۆدێرن کاتێ جێگیر بوو کە لە ململانێی نێوان کێشەی سیاسی-لاهوتی تایبەت بە سەرچاوەی دەسەڵات، واتە لە نێوان وەحی و عەقڵ یان قودس و ئەسینا دووەمیان سەرکەوت، واتە چیتر ئایدیای دەسەڵاتی سیاسی بەخشینێکی ئیلاهی نەبوو، بەڵکو گەل بوو بە سەرچاوە و مەسیحیەت لە هەموو دەسەڵاتێکی مەدەنی داماڵراو و سیکیۆلاریزم پەرەیسەند (الكوشو، ٢٠٢١، ٣-٤). هابرماسیش لە گفتوگۆیەک دا لەگەڵ پاپا بندیکتسی شازدە بەناوی "جەدەلیەتی بەدونیاییکردن: عەقڵ و دین"، بە گەڕانەوە بۆ ئێرنست بوکنفوردا کە پرسیبووی ئایا لە رووی عەقڵییەوە دەوڵەتی دونیایی ئازاد گریمانە نۆرماتیڤەکانی خۆی لەسەر شتێک بونیات نەناوە کە ناتوانێ پاساوی بۆ بێنێتەوە کە هەمان وێنای کۆنی جیهان و بۆچوونی ئایینیە؟ (هابرماس،٢٠١٣، ٤٥). کەواتە هەم زاڵبوونی بەدونیاییکردنی مۆدێرنیتە و هەم ئامادەیی تێزە ئایینییەکان جێگەی مشتومڕە، بەڵام لە هزری سیاسی رۆژئاوادا دیدگای باڵادەستی عەقڵانیەتی مۆدێرن زۆربەی کات وەک بەڵگەنەویست مامەڵەی لەتەکدا کراوە و پێدراوە بنەڕەتییەکانی دەزگای گەورەی فەلسەفی لەسەر بونیاد نراوە، لێ شمیت تێزێکی پێچەوانە دەخاتەڕوو و ئەم تێڕوانینە هەڵدەوەشێنێتەوە و جارێکی تر پایە سەرەکییەکانی هزری مۆدێرن و دەوڵەتی نوێ دەخاتە بەر رەخنە.

#### ١-١-١: ڤەیبەر و شمیت: بنەڕەتێک بۆ دەوڵەت

ماکس ڤەیبەر Max Weber[1] سەبارەت بە سیاسەت لە مێژووی سیستەمی سەرمایەداریدا، جەخت لەسەر ئاستەکانی شەرعیەت و روانگەی هاووڵاتیان بۆ دەسەڵاتی سیاسی و سەرهەڵدانی دەسەڵاتی مۆدێرن دەکاتەوە، پەیوەندی نێوان ئابووری و سیاسەتی مارکس پێچەوانە دەکاتەوە، هەر بۆیە لە تیۆرەکەیدا لە شیکردنەوەی فۆرمەکانی بەعەقڵانیبوون و عەقڵاندن کە لە رۆحی ئایینیدا خۆی بەیان دەکات دەست پێدەکات، رایوایە ئەمە دەبێتە هۆی بەهێزکردن و پەرەسەندنی دەزگاکانی بیرۆکراسیەت و جۆرێک لە رەزامەندی و ملکەچی بۆ دەسەڵات دروستدەکات (بڕوانە: وبر، ١٣٨٨، ٨٧). ئەم تێگەیشتنە لە هەناوی رۆڵی کاریگەری ئایین و بەتایبەتی ئەخلاقیاتی پرۆتستانتی لەهەمبەر کار و هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی سەرمایە دەردەهێنێت و بە فاکتەری سەرەکی گەشەسەندنی سیاسەتی مۆدێرنی دەزانێت ئەگەرچی لە دیدی ئەو هەموو بونیادە سیاسییەکان زۆرەملێ بەکاردێنن (وبر، ١٣٨٢، ١٨٣)، بەڵام خاڵی جیا کەرەوەی دەسەڵاتی مۆدێرن پەیوەندی بە وەرگرتنی رەزامەندی و رازیبوونی ئەو کەسانەوە هەیە کە دەکەونە ژێر حوکمییەوە، هەر بۆیە ڤیبەر پێیوایە «دەسەڵات پەیوەندییە، تەرازووی هێزە کە بە نفوز و کاریگەری لەسەر کەسانیتر دەپێورێت،

---

[1] . کتێبی لاهوتی سیاسی Politishe Theologie کە یەکێکە لە کتێبە گرنگەکانی شمیت لەبنەمادا بەشدارییە لە کتێبێک بۆ رێزگرتن لە مامۆستاکەی واتە ماکس ڤیبەر و ساڵی ١٩٢٢ بڵاو بووەتەوە.

لەسەر باڵادەستی domination مرۆڤ بەسەر مرۆڤ دامەزراوە، کە پشت بە توندوتیژی شەرعی دەبەستێت» (فیبر، ٢٠١١، ٢٦٤).

ئەگەر یەکێک لە دەرەنجامەکانی ریفۆرمی ئایینی و سەرهەڵدانی پرۆتستانتیزم، پێچەوانەی زوهد و تەقوای و خاکەڕیی کاسۆلیکیەت گرنگی دان بێت بە کار، لای ڤەیبەر ئەم ئەخلاقیاتە تازەیە رۆڵی گرنگی هەبووە لە گەشەی سیستەمی ئابووری سەرمایەداری کە لەگەڵ خۆیدا سیستەمی کارگێڕی عەقڵانی دروست کردووە و سەرچاوەی شەرعیەتی دەوڵەتیش رەزاییبوونی تاکە بەو فەرمانانەی دەوڵەت دەری دەکات. لە تیۆری ڤەیبەردا، دەسەڵات تەنیا هێزێکی رووت نییە کە زۆرەملێ و توندوتیژی بەکار دێنێت، بەڵکو هێزێکی شەرعێنراوە. هەر بۆیە پێناسەی دەوڵەتی مۆدێرن لای ئەو تایبەت بەو ئامرازە جۆرایەتییەی لەبەر دەستیەتی کە تایبەتمەندنی هەموو کۆمەڵەیەکی سیاسییە: واتە توندوتیژی فیزیکی (فیبر، هەمان سەرچاوە، ٢٦٢)، دەوڵەت تەنیا بە ئیدارە جیا ناکرێتەوە، بەڵکو ئامرازێکی جۆرییە، واتە توندوتیژی جەستەیی بە مانای مۆنۆپۆلی توندوتیژی جەستەیی مەشروع لەسەر خاکێکی دیاریکراو.... دەوڵەتی حەق کە یەکەم، لەسەر پێکهاتەی یاسایی و یەکسانی دادەمەزرێت، دووەم، کارمەندی ئازاد کە لە رووی کەسایەتییەوە سەربەخۆن و شارەزا و خاوەن بڕوانامەن (فلوري، ٢٠٠٨، ٩٢-٩٣). کەواتە ئەگەر سەرچاوەکانی دەسەڵاتی مۆدێرن بۆ روحی پرۆتستانتیزم دەگەڕێتەوە کە گەشەپێدەری سەرمایەدارییە، هاوکات عەقڵانیەت لە هەڵبژاردن و رازیبوونی بە هیرارکیەتی بیرۆکراسی بە یاساییکراو و ئەو توندوتیژییەی پیادەی دەکات، جیایی دەکاتەوە لە فۆرمەکانی دەسەڵاتی سیاسیی کلاسیک یان نەریتی.

شمیت لە ژێر کاریگەری ماکس ڤەیبەر دایە، بەڵام ئاڕاستەکە پێچەوانە دەکاتەوە، واتە ئەگەر ڤەیبەری پێیوابوو دونیایی مۆدێرن دونیایی سیاسەتی لە غەیبیانیەت داماڵراو یان ئایینی بە دونیاییکراوە، شمیت جەخت دەکاتەوە کە بە کۆکردنەوەی ئەم چەمکە لاهوتیانە ناوەرۆکی سەرەکی سیاسەتی مۆدێرن پێکدێت، «هاوکێشە یاساییەکان سەبارەت بە تونای رەهای دەوڵەت، لە راستیدا جۆرێکە لە بەدونیاییکردنی ساویلکانەی هاوکێشەی لاهوتیانەی توانای رەهای خودا» (اشمیت، ١٣٩٣، ٤٥ و شمیت ٢٠١٧، ٩٣)، واتە هەر وەک چۆن لە ئاییندا خاڵی یەکلاکەرەوەی عەقڵانی نییە کە بۆچی هێزە غەیبییەکان رەهان و ئەمە پەیوەندی بە میتافیزک و باوەڕهێنانی دیندارانەوە هەیە، لە دەوڵەتی مۆدێرنیش دا هیچ فاکتێکی واقعی بوونی نییە کە بۆ دەبێت دەوڵەت گەورەترین هێز بێت؟ بنەڕەتی مەشروعیەتی بەکارهێنانی هێزی فیزیکی دەسەڵاتی سیاسی چییە؟ واتە چۆن پێدراوە سەرکییەکان وەک بەڵگەنەویست قبوڵ دەکرێن و لەدوای ئەوەوە چەمکەکانی عەقڵانیەت و هەژموون و باڵادەستی سیاسی پەسند دەکرێن؟

### ٢-١-١: لاهوت و یەکتایی دەوڵەت

لە بنەڕەتدا ئیلاهیات یان لاهوت theology مەعریفەی ئایینیە سەبارەت بە خودا وەک تاقانەی رەها کە لەئایینی مەسیحییەت دا بەشێکی گرنگی پایەکانی ئەو دینەی لەسەر دامەزراوە و «زانستی لاهوت لە بوونی خودا و زات و سیفاتەکانی دەکۆڵێتەوە» (مدکور،١٩٨٣، ١٦٠) بە درێژایی دەسەڵاتی سیاسی- ئایینی مەسیحییەت ئەم بوارە پەرەسەندن و گەشەیەکی زۆری کردووە بە تایبەتی لە سەدەکانی ناوەڕاست کە بۆ ماوەی هەزار ساڵ فکری لاهوتی-سیاسی مەسیحی هەژموونی بەسەر ئەورووپادا هەبوو و ببوو بە «ئاگایی دینی مەسیحییەت لەمەڕ خۆی لە دەرکەوتنی لە مێژوویی جیهاندا، وەک وەحی و تەبلیغ بۆ تائیفەی ئیمانداری مەسیحی» (هیدغر، ٢٠٢٠، ٧-٨) شرۆڤە دەکرا، واتە سیستەمێکی میتافیزیکییە کە هەم زاتی رەهای خودا و هەم ئاگایی تاکی ئیمانداری تێدا دەردەکەوێت، ئەم سیستەمە هەمەکییە دەبێتە ئاخێزگەی هەموو بەها جەوهەرییەکانی پەیوەندی مرۆیی و بنەڕەتی بۆ جەوهەر یان خودایەک کە یەکتا و نەگۆڕ و ئەبەدەییە.

لەگەڵ ریفۆرمی ئایینی مانای لاهوتیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت و بەرەو جۆرێک لە گشتگیری دەچێت و «لاهوتی لیبراڵی لە بەرانبەر لاهوتی کڵێسایانە Ecclesiae theologyiae دێتەئارا و پرسە لاهوتییەکانە دەبن بە پرسێکی کراوە

لەبەردەم جەماوەری خەڵک تا هەموو تاکێک لە ڕێگەی عەقڵەوە ماناکانی کتێبی پیرۆز و ئەرکە ئەخلاقییەکانی تێبگات» (الأحمدي، ٢٠٢٣، ١٤٤). چونکە لەگەڵ ئایینزای پرۆتستانتی جگە لەوەی بەهای جیاواز و ئەخلاقیاتی نوێ هاتەکایەوە هاوکات پەیوەندی نێوان دین و دونیاش دووبارە پێداچونەوەی بۆ کرا و ئەمەش وایکرد هەم ڕێوڕەسمی ئایینی و هەم دەسەڵاتی پیرۆز پاپا و قەشەکان کە نوێنەرایەتی ئاییندای فەرمیان دەکرد بکەوێتە ژێر گومان و ڕەخنە لەلایەن تاکەوە، هەربۆیە دواتر کرۆکی کەلامی ئیلاهی دەگوازێتەوە بۆ ئەزموونی ڕوحانی تاکی ئازاد و سەربەخۆ، ئەمەش ڕێگەی بۆ لاهوتی لیبراڵی خۆش دەکات و لە لاهوتی سەدەی بیستەمدا مانای نوێ بە ئیسخاتۆلۆژیا (زانستی ئاخیرەت) Eschatology دەبەخشێت لە شێوەی لاهوتی نوێ بۆ تکا Esperance (الأحمدي، ٢٠٢٣، ١٤٦-١٥٧). یان هەروەک ئێستا بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ڕۆژئاوا لە قاڵبی لاهوتی هیوا theology of hope و لاهوتی ڕزگاری theology of liberation و ئاوەمۆری (المحمودية) anabaptism ئەمریکی واتە دروستبوونی لە پانتایی گشتی public theology و ئۆرتۆدۆکسی ڕادیکاڵی بەریتانی دەردەکەوێت (سینائیان، ١٤٠٠، ١٢٥-١٢٦).

بەم جۆرە لە ڕەوتی بەرەپێشچوونی لاهوتی مەسیحیەت دا بەتایبەتی دوای پرۆتستانتیزم، لە مەنزومەیەکی هەمەکی و هەژموونی بۆ ئاڕاستەکردنی دین و دەوڵەت بەرەو جۆرێک لە ئایینی تاکگەرا دەچێت کە سیاسەت وەک بوارێکی دونیایی و عەقڵانی ئاڕاستەی دەکات یان لانیکەم باڵادەستی جارانی نییە بەتایبەتی لە پانتایی ئابووری-سیاسی دا و ئەمە تێگەیشتنی باوە بۆ گۆڕانکاری لە ئاڕاستەی سیاسەتی مۆدێرن لە ئیلاهیاتی مەسیحیەتەوە بەرەو سیاسەتی بەدونیاییکراو. بەڵام شمیت ئەرگۆمێنت دەخاتەڕوو کە لاهوتی پرۆتستانتی کە پێیوایە خودا "ئەویتری تەواوە wholly other"ێک لە هزری لیبراڵ د دەگۆڕێت بۆ دەوڵەتی تەواو و کامڵ (شمیت، ٢٠١٨، ٢٠) و «لە بیرۆکەی یەکتاپەرستی (التوحید)، کردەی سیاسی سەرهەڵدەدات وەک قۆرغکاری توندوتیژی و سەروەری و هەژموون و حەقیقەت و تاک حوکمی» (البوبکری، ٢٠١٧، ٢٤-٢٥). نەک هەر ئەوە بەڵکو شمیت مۆدێرنە بە درێژکراوەی کەنیسەی کاتۆلیکی بەدونیاییکراو دەزانێت و ئەمەش واتە بەدونیاییکردن چەمکەکانی لاهوتی سیاسی (McCormic,1997,168) چونکە پێیوایە لە کۆی هزری سیاسی و فەلسەفی سەدەی هەژدەدا چوونییەکی هەیە لە نێوان چەمکی خودا و پاشا و تاکە حاکمێکی چاکەکار کە جیهان و شانشین بەڕێوەدەبات، ئەوە جگە لە ئاوێتەکردنی بە ئەفسانە؛ دەنگی گەل دەبێتە دەنگی خودا (شمیت، ٢٠١٨، ٥٨-٦٠ ).

کەواتە ئەرگۆمێنتەکە ئەوەیە کە بیرۆکەی دەوڵەتی دەستووری مۆدێرن شان بە شانی خوداگەرایی (الربوبية Deism) سەرکەوتن بەدەستدێنێت، هەر بۆیە بە گەڕانەوە بەردەوامە مێژووییەکانی لە ڕووی فیلۆلۆژی بۆ دۆزینەوە و جەختکردن لەسەر بەردەوامی پەیوەندی زاراوی پاشایەتی و یەکتاپەرستی و پەیوەندی تاقانەی تەنیا (واحد الاحد monas)ی لاهوتی لەلایەک و مۆناش -پاشایەتی (mon-archie) وەک گوزارشتی ئەرستۆیی (mia-arche) واتە "تاکە بنەما" لە لایەکی ترەوە کە دەچێتەوە سەر وشەی یەکی (monas)ی فیساگورسی و ئەفلاتوونی ئەوە روون بکاتەوە چۆن ئەم بنەڕەتە دواتر لە ئیمپراتۆریتی ڕۆمانیدا دەبێت بە پاشا وەک هێمای تاقانە و "بنەما- arche " (شمیت، ٢٠١٨، ٤٩ هەروەها ١١٦-١١٨). بەڵام هەموو هەوڵی سیاسەت ئەوەیە دەربیخات لاهوت و میتافیزیک و موعجیزەی لە جیهان دەرکردووە و لە بەرانبەردا هەموو جەختی تیۆری شمیت ئەوەیە بیسەلمێنێ لاهوتی سیاسی کۆتایی نەهاتوو و ئەمە لە ئەفسانەیەک زیاتر نییە. یان هەر وەک باکۆنین ئاماژەی بۆ کردووە بنەڕەتێکە کە ڕەنگە تاکە پاساوی لە ئاستی تیۆلۆژی ئەوە بێت هەروەک ترتولیانوس وەک ئیماندارێکی ڕاستگۆ وتویەتی "ئیمان دێنم چونکە نامەعقولە!" دەوڵەت بە بێ دیانەت نەبووە و ناتوانێ ببێت (باکونین، ١٩٩٢، ٢١ و ١٢١).

کەواتە لە ڕوانگەی شمیت هێشتا لاهوتی سیاسی و میتافیزیکی سیاسی بە باشی ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، واتە گەڕان بە دوای بنەڕەتێکی سەرەکی و باڵا کە هەژموونی هەبێت بە سەر هەمووواندا و خۆی سەر بە هیچ بنەڕەتێک نەبێت، ئەمە لە دیدی ئەو بونیادێکی لاهوتییە و لە سیاسەتدا بەردەوام ئامادەیی هەیە. بەم جۆرە لە بەرانبەر ڕەوتی بەدونیاییبوونی سیاسەت و دەوڵەتی مۆدێرن، باسی ئامادەیی هەمیشەیی لاهوت و ئیلاهیات واتە ڕوح و سرووتی ئایینی دەکات لەناو تانوپۆی سیاسەت و پێیوایە دەوڵەتی ڕۆژئاوایی هیچ کات نەیتوانیوە لە چوارچێوەکەی دەربچێت. ئەمەش بەر لەوەی

بەمانای کارایی و ئامادەیی دەزگا دینییەکان بێت، بە واتای ئەو ژێربونیادە فەلسەفی–تیۆلۆژییەیە کە سیاسەت و بواری سیاسی لەسەری دەجولێت. لێرەوە شمیت بە پلەی یەکەم باسی دوالیزمی دین/سیاسەت ناکات، بە پێچەوانەی تێگەیشتنی باو بۆ فەلسەفەکەی، بەڵکو باسی ژێرخان دەکات و لاهوتی سیاسی بە مانای تێکەڵاوی ئایین و سیاسەت نییە، بە مانا کۆنەکەی (بۆ نموونە دەسەڵاتی کەنیسەی مەسیحی یان خەلافەتی ئیسلامی)، بەڵکو بنەڕەتێکی میتافیزیکییە دەکات، ئەمەش بە مانای راکێشانی قۆناغە مێژووییەکان و ئاوێتەکردنیانە لەگەڵ یەکتر تەنیا لە پێناو دروستکردنی جۆرێک لە شەرعیەت.

شمیت لە جێگەی مەزهەبی پرۆتستانتی، ئاینزای کاسۆلیکی مەسیحی پەیوەست دەکات بە دەوڵەتی مۆدێرن بە تایبەتی لە رووی بونیادەوە و پێیوایە بیرۆکەکانی ئەم دەوڵەتە سەرەڕای بانگەشەی دابڕان لە هزری ئایینی بە تایبەتی دوای رێنسانس و رۆشنگەری و چەمکی بە دونیاییکردنی سیاسەت، کەچی لە ژێر سێبەری تێگەیشتنی لاهوتی theology دەرنەچووە. واتە ئەو بنەڕەتە میتافیزیکییەی کە سیاسەت بانگەشەی ئەوەی دەکرد رووخاندوویەتی و بنەڕەتێکی نوێی بۆ سیاسەتی مۆدێرن دامەزراندووە، لە راستیدا رەگی قوڵی لە هزری سەدەکانی ناوەڕاست و ئیلاهیاتەکەی دایە. ئەمەش رەخنەیەکی رووخێنەرە لە فەلسەفەی سیاسی و دیدگای بۆ سیاسەتی مۆدێرنی رۆژئاوایی و تێزە بنەڕەتییەکەی کە بەردەوام وەک فۆرمێکی هەمەکی و جیهانیش بانگەشەی بۆ کردووە کە دەبێ ئەوانیتری دەرەوەی خۆی لاسایی بکەنەوە.

**١-٢: عەقڵانیەتی بەدونیاییکراو**

پەیوەندی نێوان عەقڵانیەت و بەدونیاییکردن (العلمانیة secularism) کە دوو بنەمای سەرەکی سیاسەتی مۆدێرنن و وێڕای چەمکەکانی تری وەک هیومانیزم (مرۆڤگەرایی) و کۆسمۆپۆلیتانیزم و دیدگا بۆ حەقیقەت، ناوەرۆکی سەرەکی سەردەمی رۆشنگەری و مۆدێرنیتە پێکدێنن (بگەڕێوە بۆ: تودوروف، ٢٠٠٧) و لە مێژووی نوێی ئەوروپا لە هەناوی سیستەمی سەرمایەداری لەدایک دەبێت، کە دیدگایەکی تایبەت کە هەمان فەلسەفەی سوودگەراییە Utilitarianism بە یارمەتی زانستی ئەزموونی positivism بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە.

لە هزری سیاسیدا میکاڤیللی بە پردی پەڕینەوە دادەنرێت بەرەو سیاسەتی سیکیۆلار (اپتر،١٣٧٥، ٧٤) واتە بەدونیاییکردنی ئەرکی میر/سیاسەتمەدار، دابڕینی لە لاهوتی سەدەکانی ناوەڕاست و دواتر تۆماس هۆبز لە تێزە فکرییەکانی دا هەوڵدەدات لە رێگەی هێنانەئارای تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی وەک سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی بناغەی سیاسەتی عەقڵانی دابڕێژێت، کە تاکەکان لە رێگەی عەقڵ و بە ئیرادەی خۆیان لە هەموو یان بەشێکی زۆری ماف و ئازادییەکان خۆش دەبن، لە پێناو مانەوە و پاراستن (بڕوانە: هوبز، ١٧٥–١٧٦). ئەمەش دەوڵەت یان لیڤیاتانێکی leviathan گەورەی خاوەن ئوتوریتە دروست دەکات کە پەڕینەوە لە رەوشی سروشتی بۆ رەوشی سیاسی دەکاتە پاساوی عەقڵانیەتێکی میکانیکی کە بنەڕەتی خۆی لەسەر رەوشێکی گریمانەیی دادەنێت کە نازنرێت ئایا دەرەنجامەکان راستەوخۆ بەرەنجامی رەوشەکەن یان نا؟

**١-٢-١: قۆناغی سەنتەریی گۆڕاو**

لە دیدی شمیت دەوڵەتی هۆبز وەک لڤیاتانێکی زەبەلاح کە پێکهاتەیەکی چوارینەی هەیە: خودایەکی مەزن، بەڵام فانی، ئاژەڵێکی زەبەلاح، مرۆڤێکی زەبەلاح و ئامێرێکی گەورە، و لەسەر جێکەوتی ساویلکە و خەیاڵاتی ئایینی و کورتبڕی نەزانراو لەسەر بنەمای زانراوەکان و هاوتایی وجود و دەرکەوتەکان و سەرخانی ئایدیۆلۆژیا لەسەر ژێرخان دامەزراوە، هەر بۆیە هەموویان لە پانتاییەکی بێکۆتایی و فرە شکڵی لاهوتی سیاسی و میتافیزیکدا بەیەکدەگەن (شمیت، ٢٠١٨، ١٠٥). دەوڵەت وەک چوارچێوەیەکی قبوڵکراو، سەرەڕای بانگەشەی ماتریالیستی هۆبز بۆ ئەوەی وەک چەمکێکی دەستکردی مرۆڤ بناسرێت کە دوورە لە رەهەندە روحییەکان، دواجار هەژموونی و باڵادەستییەکەی لەسەر بنەمایەکی

پێشینە واتە پێش ویستی هاووڵاتیان دادەمەزرێنی و لەگەڵ خۆیدا بنەماکانی تری وەک یاسا و ماف و ئازادی و ئەخلاقیش دەخاتە ژێر گومانەوە، کە خۆیان لەسەر بنەڕەتی دونیایی و ویستگەرا دادەڕێژن. هەر بۆیە بەدونیاییکردنی بەها بنەڕەتییەکان (بۆ نموونە ئەخلاق) ئاماژەیە بۆ دامەزراندنیان لەسەر بنەمای پێوەرە عەقڵییەکان کە ئازادن لە فەرمانە ترانسێندێنتاڵەکان بۆ مرۆڤ وەک عەقڵێکی پەتی نەک حەزێکی هەستەکی. ئەم ئیرادەگەراییە ئیدی بە هۆی بانگەشەکردن بۆ پرەنسیپی تۆکمە و بنبڕی فەلسەفی تەنانەت لە دەوڵەتی پۆست مۆدێرنیش توشی تەنگژەی کۆمەڵایەتی بووە و بەرەو "کەهەنووتی واجب" ڕۆیشتووە هەربۆیە ئێستا "خودگەرایی یان تاکگەرایی" توندڕەوانە، نەک هەر مرۆڤ بە پێوەری هەموو شتێک دەزانیت، بەڵکو تاک خودی پێوەرەکەیە (بلعقروز، ٢٠٢٤، ٧٧-٨٣).

شمیت پێیوایە لە ماوەی چوار سەدەی رابردوو لە مێژووی ئەوروپا واتە لەسەدەی شازدەوە، رۆژئاوا بە چوار "پانتایی سەنتەریی گۆڕاو" یان چوار قۆناغی گرنگدا تێپەڕیوە: ١-لاهوت (تیۆلۆژیا) ٢- میتافیزیک ٣- مرۆڤگەرایی ئەخلاقی ٤- ئابووری (اشمیت، ١٣٩٣، ١٠١ و شمیت، ٢٠١٧، ١٣٩) و هەمیشە دەوڵەت دەسەڵاتی خۆی لە یەکێک لەم ناوەند یان قۆناغانە وەرگرتووە. واتە ئەو قۆناغە سەنتەرییە مێژووییەیە کە دەبێتە چوارچێوەی دروستکەری شەرعیەتی دەسەڵاتی سیاسی، نەک خەڵک یان هیچ شتێکی تر. بەم جۆرە بیرۆکەی زاڵی سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراو، لەگەڵ خۆیدا بەها و ئەخلاقیات و روانگەی مرۆڤەکانیش دیاری دەکات و هەر لەوێشەوە رادەی شەرعیبوون و ناشەرعیبوونی سیستەمی سیاسی دەستنیشان دەکرێت.

تێزی شمیت سەبارەت بە شەرعیەت لەسەر دوو بنەما دامەزراوە (ولد اباه،٢٠١٣، ١٩٣-١٩٤): ١-رەخنە لە تێگەیشتنی یاسایی-رێکاری شەرعیەت دەگرێت، کە سیستەمی پەرلەمانی (تەشریعی) لەسەر دادەمەزرێت و هاوکات لە دیدی ئەو ٢- شەرعیەت لەسەر بنەمای "سەروەری sovereignty" بونیاد دەنرێت، کە تایبەتمەندی سیاسەتە و بەجۆرێکە کە دەبێتە بنەمای ململانێکەی. هەربۆیە دژایەتی دەبینێت لە نێوان شەرعیەت legitimacy و مەشروعیەت legality، ئەوە رەزامەندی خەڵک نییە کە پلەکانی شەرعیەت دیاری دەکات، بەڵکو «دەوڵەت ئامێرێکە بۆ خۆی دەجولێت و کۆمەڵگا لە رێگای هێزەوە دەخرێتە ناو ئەم ئامێرەوە» (عادل، ٢٠١٥، ٩). کەواتە گشتییەتی قۆناغە مێژووییەکەیە کە چوارچیوەی تێگەیشتنی تاک یان خەڵک نۆرمالیزە دەکات و واپێشانی دەدات کە لایەنگریەتی، بۆ نموونە لەسەردەمی سەرمایەداری و ئایدیۆلۆژیای لیبرالیزمدا کە قۆناغی چوارەمە و ئابووری سەنتەرەکەیەتی، دامەزراندنی شەرعیەت لەسەر بنەمای چەمکی مرۆڤگەرایی ئەخلاقی لەراستیدا نەسیاسییە و نە کاراییشی هەیە.

خاڵی جێگەی رامانی شمیت ئەوەیە ئەم زەمینەیە شتێک نییە، دەرەکی و ئامادە بەڵکو دەوڵەت خۆی لە قۆناغە مێژوویەکاندا بەرهەمی دێنێت و دەیکاتە دیفاکتۆ، هەر بۆیە پێیوایە ئەو ئایدیالیزمەی کە وێنای رادیکاڵی بەرهەم دێنێت، رەنگدانەوەی پەیوەندی نێوان واقع و بواری کۆمەڵایەتیە، ئەمەش چەمکەکان لەگەڵ واقیع دەگونجێنێت و واقعی سیاسی و مێژووی لەگەڵ ئاگایی سەردەمەکە تەبا دەکات و رەوشەکە وەک بەڵگەنەویست خۆی نمایان دەکات و بە ئاڕاستەی غەیبیانیەت و لاهوت دەچێتەپێش. (هەمان سەرچاوە، ٥٧). بەم جۆرە سەرەڕای بە دونیاییبوون و سێکیۆلاریزم کە دەوڵەتی مۆدێرن بانگەشەی ئەوە دەکات پایەکانی خۆی لەسەر دامەزراندووە، دەوڵەت وەک بیرۆکە هێشتا لە سنووری چەمکە لاهوتییەکان دایە و قبوڵکردنی پەیوەندی بە باوەڕەوە هەیە، نەک هەندێ حەقیقەتی بەڵگەنەویست، چونکە دەوڵەت بەرزترین بەهایە و خۆی شتێکە دەکەوێتە سەرووی یاسا و ئەو پێناسەی هەموو شتێک دەکات. ئەم رەخنەیەی شمیت بەتایبەتی کاتێ ئاڕاستەی دەوڵەتی لیبراڵ دەکرێت کە وای خۆی دەردەخات، هەندێ حەقیقەتی سەرەکی وەک ئازادی و ماف و خاوەندارێتی دەکەونە پێش سەرهەڵدانی دەوڵەت، بەتایبەتی لای جۆن لوک وەک باوکی لیبرالیزم (بڕوانە: لوک، ١٣٩١، ١٤٩).

جەختکردنەوەی شمیت بەو مانایە نییە کە لە روانگەیەکی رۆمانتیکیەوە سەیری دەوڵەت دەکات، بەڵکو دژی ئەم دیدگایەیە و پێیوایە وەهەم دەبێتە سەرچاوەی گەورەی هێز و بزوێنەری خەڵک بۆ ئەوەی لەمەڕ هیوا و کردەوەکانیان سەرکێشی بکەن و ئەمە دەبێتە سەرچاوەی جۆرێک لە تێڕوانین رۆمانسی بۆ دەوڵەت و لە دیدی ئەو «کرۆکی رۆمانسیزمی سیاسی بریتیە لە دەوڵەت وەک شتێک و ئەفرێنراوێکی هونەری و وەک کەسێکی جوان بۆ خۆشویستن و هەستبزوێن» (اشمیت،

١٣٩٨، ٨٣). ئەمەش دەوڵەت دەکاتە بابەتێکی عیرفانی و سۆفیگەرانە کە لەگەڵ واقیع دا ناتوانێ بگونجێت، لە کاتێکدا دەوڵەت یان «یەکەی سیاسی بەشێوەیەکی تایبەت لەوانیتر جیاوازە و لە بەرانبەر کۆمەڵەکانی تر دیاریکەرە و بڕیارەکانی یەکلاکەرەوەیە» (اشمیت، ١٣٩٣، ٤٩ و شمیت، ٢٠١٧، ٩٦) و ئەرکێکی زۆر دیاریکراو و ناوازەی هەیە، ئەگەر لای ڤەیبەر پەیوەستە بە بەکارهێنانی توندوتیژی ماددی ئەوا لای شمیت هەموو بنەڕەتە میتافیزیکییەکانی خۆی و تاقانەبوون و جیاوازبوونی لە دەزگاکانی تر بۆ مەبەستی "بڕیار decision" بەکاردێنێت، هەر بۆیە سیاسەت یان شتی سیاسی دەبێت بە بوارێکی تایبەت.

### ٢-٢-١: بواری سیاسیی the political: وەک بوارێکی سەربەخۆ

خاڵێکی جیاکەرەوە لە هزری شمیت دا ئەوەیە کە پێیوایە «سیاسی the political پێشگریمانەی چەمکی دەوڵەتە» (اشمیت، ١٣٩٣، ١٣) و سیاسەت زانستێکی دەستورییە نەک دەوڵەتی. (شمیت، ٢٠١٨، ٩٢-٩٣) واتە ئەوە دەوڵەت و دەزگاکان نین کە سیاسەت یان سیاسی دروست دەکەن، بەڵکو بواری سیاسییە کە ناوەرۆکی دەوڵەت پێکدەهێنێت، بەم چەشنە دەشێت دەوڵەتی خاڵی لە بواری سیاسی دەستنیشان بکەین، ئەگەر جەوهەر یان کرۆکەکەی بە دەوری بواری سیاسیدا نەخولێتەوە، هەر بۆیە لە دیدی ئەو یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان ئەوەیە کە بواری سیاسی لە بەرانبەر بوارەکانی تری وەک سیاسەت/ ئابووری، سیاسەت/ ئەخلاق، سیاسەت/ ماف، سیاسەت / یاسای مەدەنی، بە شێوەیەکی نەرێنی بەکار دەهێنرێت و وەک پاشکۆی ئەم پانتاییانە سەیر دەکرێت (شمیت، ٢٠١٨، ١٤و شمیت، ٢٠١٧، ٦٨) کەواتە بواری سیاسی دەکەوێتە پێش بوونی دەوڵەت وەک دیاردەیەکی مێژوویی و ئەوە وجودی دەوڵەت نییە کە بواری سیاسی دیاری دەکات، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوەیە و نابێ بواری سیاسی لە پەنای پانتاییەکانی تر پێناسە بکرێت و بکەوێتە ژێر رکێفی ئەوان. هەربۆیە بواری سیاسی کردەیەکی رەسەنە لەو کاتەوە کە بوونی مرۆڤ لە گرەوی بوونی کۆمەڵەیەکی یەکگرتوو و سەربەخۆ دایە (اقرقاش، ٢٠٢٢، ١٣٧). ئەم بوارەش بۆ ئەوەی سەربەخۆ بێت، پێویستە خاوەنی هەندێ تایبەتمەندی ئەبستراکت و کۆنکرێتی بێت کە لە پانتاییەکانی تر دا بەرچاو ناکەون یان لانیکەم سەرەکی نین و هاوکات پێویستە خۆ لە تێگەیشتنە هەڵەکانی رابردوو بۆ سیاسەت ببوێردرێت، لەم سۆنگەیەوە دوو تێگەیشتنی هەڵە بۆ بواری سیاسی دەخاتەڕوو کە پێیانوایە (علوش، ٢٠١٧، ١٣):

1- بواری سیاسی لەو پیلانانەیە دایە کە دەگێڕدرێن و لەو دەسیسانە دایە کە دەچنرێن، لەو گفتوگۆ ئازاربەخشەدا پەنهانە کە دەکرێن و لەو دابڕانانە دایە کە روودەدات و لەو یاخیبوونەی سەرهەڵدەدات و لەو تەکتیکەی دەگیرێتەبەر دەردەکەوێت.

2- یەکلابوونەوەی تەواوەتی ئەوەی پەیوەستە بە بواری سیاسی و ئەوەی پەیوەندی بە دەوڵەتەوە هەیە.

خاڵی یەکەم تێگەیشتنی باو و رۆژانەیە بۆ هەموو کردەیەکی فەرمانکارانە کە پەیوەندی بە ئیرادەی ئەوانیتر و تێکدانی هاوسەنگی هێز و دابەشکرنەوەی دەسەڵاتەوە هەیە، بەڵام خاڵی دووەم ئەو تێگەیشتنەیە کە شمیت هەوڵدەدات لە ڕێگەی ئاوەژووکردنەوەی بونیادی بنێت و بیکات بە کرۆکی سیاسەت یان بواری سیاسی، ململانێی ناوەخۆ لەسەر کۆنترۆڵی دەسەڵات وەک گەمەیەک دەبینێ، گفتوگۆ و یاخیبوونیش دەرچوونە لە پانتایی بواری سیاسی، کەواتە تەنیا یەکخستنی خۆ و پێناسەکردنی ئەویتر لە دەرەوەی سنووری سیاسی خۆت سەرەتایی هاتنەئاری بواری سیاسییە.

### ٣-٢-١: دۆست و دوژمن وەک هێڵێکی جیاکەرەوە

لە روانگەی شمیت ناسینی دیاریکراوی دوژمن وەک دوژمن لەلایەک و داڕشتنی شوناسی خود لەلایەکی ترەوە، دوو بەشی سەرەکی بواری سیاسییە، جیاکردنەوەی دۆست و دوژمن وەک پێش گریمانەیەکی نیمچە ترانسێندێنتاڵی ناوەرۆکی بواری سیاسی پێک دێنێت کە لەسەر بنەمای بوونی واقعی دوژمن و پێکەوەژیان لەگەڵ مەوجودێکی سیاسی تر گریمانە دەکرێت (اشمیت، ١٣٩٣، ٢٥ و شمیت، ٢٠١٧، ٧٧). «دوژمن ئەویترێک یان بێگانەیەکە کە بۆ پێناسەی سروشتی ئەم

دوژمنە هەر ئەوەندە بەسە کە لە رووی وجودییەوە و بە شێوەیەکی جیاواز و نامۆ بێت، بە جۆرێک کە دواجار دژایەتی لەگەڵیدا ممکین دەبێت، ئەم دوو وشەیەش دەبێت بەمانا کۆنکریتی و وجودییەکەی، نەک بەمانا میتافۆری یان خوازەییەکی وەربگیرێت» (اشمیت، ١٣٩٣، ٢٤-٢٥ و شمیت، ٢٠١٧، ٧٦-٧٧). بەم جۆرە جەوهەری بواری سیاسی لە هەناوی دوژمنایەتییەکی راستەقینەدا پەنهانە، بواری سیاسی توندترین و دواین رادەی نەیاریی و دواین رادەی سیاسیش پۆلێنکردنی دۆست و دوژمنە. «دوژمن هەر کەسێک نییە کە لەشەڕیکدا بەشدارە، بەڵکو دوژمن دوژمنێکی گشتییە» (شاهباز، ١٣٧٠، ٥٦). هەروەها ئەو شتە نییە کە دەبێ لە ڕەگ و ریشەوە هەڵیبکەنی بەبێ هۆکارێکی دیاریکراو، ئەو شتەش نییە حەتمەن دەبێ وێران بکرێت لەبەر ئەوەی هیچ بایەخێکی نییە، بەڵکو دوژمن لە هەمان ئاست و پلە لە بەرامبەرم ڕاوەستاوە، هەر بۆیەشە پێویستە کە ڕووبەڕووی ببیەوە لە شەڕدا بۆ جەختکردنەوە لەسەر پێوەرە تایبەتەکانی خۆم و سنووورە تایبەتەکانی خۆم و پێگەی تایبەتی خۆم. (اشمیت، ١٣٩٦، ١٣١)

کەواتە جەوهەری بواری سیاسی دانان و دیاریکردنی بوونەوەرێکە کە هەڕەشەیەکی جدییە لە سەر وجودی دەوڵەت و تەنیا ئەرکی دەوڵەتیشە پێناسەی بکات، جەنگ یان ئەگەرەکانی هەڵگیرسانی شەڕ و ململانێ لەگەڵ ئەم دوژمنە سیاسەت دروستدەکەن. ئەمە جەوهەرێکی نەگۆڕە بۆ بواری سیاسی جیای دەکاتەوە لە هەموو بوارەکانی تر، هەربۆیە شمیت دژی تێکچرژانی دەوڵەت و کۆمەڵگایە و پێیوایە لە کاتی تێکەڵکردنی ئەم دوو بوارە یان دەوڵەت بەکۆمەڵایەتی دەبێت یان کۆمەڵگا دەگۆڕێ بۆ دەوڵەت، لێرەوە پێویستە بواری سیاسی خاوەن پێوەری تایبەت بە خۆی بێت هەروەک چۆن بوارەکانی تری وەک هزر و کردەی مرۆیی، بەتایبەتی ئەخلاق ، ئیستاتیکا، ئابووری پێوانەی خۆیانیان هەیە. لە ئەخلاق هێڵی جیاکەرەوەی نێوان چاک و خراپ، لە ئیستاتیکادا لە نێوان جوانی و ناشرینی، لە ئابووری لە نێوان سوود و زیانە، هێڵی جیاکەرەوەی بواری سیاسی جیاوازی نێوان دۆست و دوژمنە (اشمیت، ١٣٩٣، ١٧-٢٣ و شمیت، ٢٠١٧، ٧٢-٧٥).

ئەم پێوانەیە دەبێتە بنەمایەکی ئۆنتۆلۆژی بۆ سیاسەت (ملک زادە، ١٣٩٨، ٢٧٧). واتە بوون و نەبوون و ڕەهەندەکانی مانەوەی لەسەر دادەمەزرێنێت، بواری سیاسی بەهۆی شتی ئەخلاقی یان ئابووری یان بە ئەرکی ڕۆژانەی دەوڵەت دیاری ناکرێت، بەڵکو بە هۆی رەهەندە وجودییەکەی، کاتێ دەردەکەوێت کە شتێک هەڕەشە لە دەوڵەت بکات و هیچ شتێکیش هەڕەشە لە دەوڵەت ناکات دوژمن نەبێت (اقرقاش، ٢٠٢٢، ١٣٨). بەم چەشنە بوارەکە the political نە پەیوەستە بە ئەخلاق و ویستی چاکەخوازی و نە ژێرخانی ئابووری و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی هیچ بوارێک، بەڵکو لەسەر ئەو پێناسەیە بەندە کە دەوڵەت بۆ ناساندنی دوژمن دایدەرێژێت و دەبێت بە سەنتەرێک کە هەموو بوارەکانی تر بە دەوری دا دەسوڕێنەوە.

سەرەڕای ئەوەی شمیت هەوڵدەدات جێگۆرکێ بە دەوڵەت و سیاسەت یان بواری سیاسی بکات و ئەولەویەت بە دووەمیان دەدات، بەڵام ئەمە جۆرێک بەرتەسککردنەوەی بواری سیاسی و دیاریکردنیەتی کە هەم داهێنەرانەیە و هەم هەندێ دەروازەی تریش دەکاتەوە بۆ دووبارە پێناسەکردنەوە و روانین لە ئەکت و جوڵەی سیاسی. ئێستا ئەو پرسیارەش خۆی دەخاتەڕوو کە تایبەتمەندییە تاقانەکانی دەوڵەت چین؟ و لە کوێدا سیمای رووتی سیاسەت دەردەکەوێت؟

### ٣-١: سەروەری: "بڕیار" لە رەوشی "ئاوارتە_ Justitium" دا

لە تیۆری سیاسی دا رەوتێکی پەرەسەندن هەیە لە نێوان چەمکەکانی "دەسەڵات" و "سەروەری و "سەروەر"، بە جۆرێک کە هەندێ جار هەموویان لە خودی پاشا یان حاکمی رەهادا بەرجەستە دەبن کە هەر خۆی نوێنەرایەتی یەکەی سیاسیشی کردووە. بەڵام لەگەڵ بەرەوپێشچوونی هزری سیاسی رۆژئاوا، ئەمانە لە خودی پاشاوە دەردەچن و لە خودی دەوڵەتدا ئاوێتەی یەکتر دەبن و ئاست و پۆلێنی جیاواز وەردەگرن. یەکەمیان واتە دەسەڵات، شیاوی پارچەکردن و دابەشکردنە، بەڵام دووەمیان رەهایە و بەشبەش ناکرێت و لە دەوڵەتی خاوەن سەروەریدا بەرجەستە دەبێت و هەندێ جار سێیەمیان لە رووی شکلییەوە نوێنەرایەتی دەکات، کە یاسا رێکی دەخات و مەشروعیەتی

پێدەبەخشێت، بەڵام جیاوازی شمیت ئەوەیە لە جیاتی جەختکردن لەسەر دۆخی یاسا، رەوشی ئاوارتە (الاستثناء) دەکات سەنتەری بواری سیاسی.

**١-٣-١: رەوشی ئاوارتە**

لە هزری سیاسی شمیت پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان "دەوڵەت" و "ئاوارتە" (الإستثناء) و "بڕیار"دا هەیە، بڕیار نێوەندێکە کە بوونی دەوڵەت و ئاوارتە بەیەکەوە گرێ دەدات، «دەوڵەت ماف و شەرعیەتی دیاریکردنی بڕیاری هەیە لەسەر دەستنیشانکردنی دوژمن و ئەمە جەوهەری سیاسەت پێکدێنێت» (ملک زادە، ١٣٩٨، ٢٧٨). لە کتێبی لاهوتی سیاسی جیاوازی نێوان دەسەڵاتی دامەزرێنەر (توندوتیژی دارێژەری یاسا) و دەسەڵاتی دامەزراو (توندوتیژی پارێزەری یاسا) بەلاوە دەنێت کە پێشتر لە کتێبی دیکتاتۆری دا ئاماژەی بۆ کردبوو و چەمکی "بڕیار" لە جێگەی دادەنێت و تیۆری سەروەر پەرەپێدەدات. سەروەر (صاحب السیادة) یەکێک لە گرنگترین و ناوازەترین خەسڵەتەکانی ئەوەیە دەتوانێ "رەوشی ئاوارتە" رابگەیەنێت و یاسا هەڵپەسێرێت (آگامبن، ١٣٩٢، ١٥٨). ئەمەش زەرورەتی «حاکمی سەروەر، واتە ئەو کەسەی لە رەوشی ئاوارتەدا بڕیاردەدات» (شمیت، ٢٠١٨، ٢٣) دێنێتە ئارا، بە تایبەتی لە کاتی قەیران و بوونی هەڕەشە لەسەر شوناسی دەوڵەت.

کاتێک دەوڵەت دۆست و دوژمنی جیاکردەوە، ئیدی هیچی بەدەستەوە نامێنێ جگە لە بەرەوڕووبوونەوە و ململانێ لەپێناو سەروەری و مانەوە و سەربەخۆیی خۆی نەبێت. بەم جۆرە بواری سیاسی نەک هەر بوارێکی معیاری یان ئەخلاقی نییە، بەڵکو بواری کردەیە action و کردەش لە بنەڕەتدا بڕیارە decision کاتێ پەیوەستە بە سەروەرییەوە (اقرقاش، ٢٠٢٢، ١٣٩- ١٤٢). سەروەری واتە دەسەڵاتی باڵای دەوڵەتێک لە خاکی خۆیدا، بەڵام لە چوارچێوەی رێسای دیاریکراوی یاسای نێودەوڵەتی کە رەهەندی ئیلزامی هەیە (Anand, 1966, pp. 386-421 ). کەواتە «سەروەری دەسەڵاتێکی باڵایە، نەک دەسەلاتێکی داتاشراو (المشتق)» (شمیت، ٢٠١٨، ٢٤) و دەسەڵاتی بڕیاردانە لە رەوشی ئاوارتە دا (ولد اباه، ٢٠١٣، ١٩٨) و بە زانینی ئەو راستییە کە «ئاوارتە هەم رەوشی گشتی و هەم خۆی راڤە دەکات» (شمیت، هەمان سەرچاوە، ٣١).

بوونی سیاسی لە زاتی خۆیدا، بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەو سەرچاوانەی کە پاڵنەرە دەروونییە کۆتاییەکانی خۆی لێوەردەگرێت، وجودێکی دیاریکەرە، یان هەیە یان نییە و ئەگەر هەبێت ئەوا بوونێکی باڵایە و لە رەوشی ئاوارتەدا خاوەن دەسەڵاتە (اشمیت، ١٣٩٣، ٤٧ و شمیت، ٢٠١٧، ٩٤). ئەمە کرۆکی سیاسەت و بواری سیاسییە و ئیدی لێرەوەیە دەوڵەت وەک هەبوویەکی لەخۆیدا سیاسی، مافی راگەیاندنی جەنگ jus belli وەک دیارترین جۆری ئاوارتە و مافی پێناسەکردنی دوژمن و مافی دەسوەردان لە ژیانی فیزیکی خەڵکی هەیە، هەر بۆیە لە هەموو کۆبوونەوەکانی تر باڵاترە (شهباز، ١٣٧٠، ٥٦). ئیدی بواری سیاسی دەبێتە بوارێک کە خاوەن سەروەری دەبێت بڕیاری تێدا بدات، ئەم بڕیارەش پەیوەست نییە بەو رێنمایی و رێکارانەی کە یاسا دیارییان دەکات و بەرپرسی باڵای وڵات دوا بڕیاریان لەسەر دەدات و رەزامەندی دەردەبڕێت، بەڵکو بەو چرکەساتانەی کە قەیرانێک روودەدات و رەوشێک دروست دەبێت کە دەکەوێتە دەرەوەی یاسا و یان یاسا کارایی تێدا سڕ دەکرێت و ئەمە لە دیدی شمیت رەوشی ئاوارتەیە و حاکم دەبێت بڕیاری بنبڕ و یەکلایکەرەوە بدات. بەم جۆرە، ئەم رەوشە دەبێت بە بنچینەی بواری سیاسی و تێگەیشتنی دەوڵەت و جۆری مامەڵەکردن لەگەڵیدا سیماکانی سیاسەت و دەوڵەت دیاری دەکەن کە لە هیچ بوارێکی تردا بوونیان نییە و نابێ بوونیان هەبێت.

بەم جۆرە شمیت پێیوایە رەوشی ئاوارتە بە یاسایی ناکرێت لە سیستەمی یاسایی بەرکاردا، لە باشترین حاڵەتدا دەتوانرێت بەوە وەسف بکرێت، رەوشێکی وێرانکەری دژوارە یان هەڕەشەیەکە لەسەر وجودی دەوڵەت، بەڵام ناکرێت بەتەواوی دیاری بکرێت یان وای لێبکرێت لەگەڵ ئەو یاسایانەی پێشتر دانراون بگونجێت، ئەمەش پەیوەستە بە "بڕیار" ی خاوەن سەروەری، نەک هەر لە سنووری نۆرم و یاسا بەرکارەکاندا، بەڵکو ئەو کاتە وجودی راستەقینەی دەردەکەوێت کە بتوانێ هەم رەوشی ئاوارتە رابگەیەنێت و هەم بڕیاری تێدا بدات. ئەمە دەسەڵاتی خاوەن سەروەری دەکات بە دەسەڵاتێکی رەها و وادەکات دەوڵەت بەشێوەیەکی کامڵ دەربکەوێت وەک یەکەیەکی یەکانگیر و دەرفەتی بڕیار و جوڵە

لە دەرەوەی خۆی کە هەمان کۆمەڵگایە بسێنێتەوە. ئەم دیدگایەی شمیت بۆ ئاوارتە و یاسا ئەمەش لە لایەن والتر بنیامین (١٨٩٢–١٩٤٠) رەخنە توندی لێگیراوە و پێیوایە هەوڵی دەوڵەت بۆ لکانی بێ یاسایی anomie بە خۆیەوە، لە رێگای رەوشی ئاوارتە، داخستنی هەموو پانتاییەکانی دژایەتی و نارەزایەتییەکانە دژی دەسەڵات، بەتایبەتی ئەو بوارانەی یاسا دەستی بۆ نەبردوون بۆ نموونە وەک خۆپێشاندان و نارەزایەتی و مانگرتنی سەرتاسەری، هەر بۆیە توندوتیژی شۆرشگێرانە دەکاتە بەدیلی ئەم رەوشە (آگامبن، ١٣٩٢، ١٦٤). بەم جۆرە لە لایەکەوە ئەم بوارنە توندوتیژی بەسیاسی دەکات یان بەراستی ناسیاسین و تەنیا مەراسیمی و سرووتی لاهوتی و دینین، لە لایەکی ترەوە ئەگەر بواری سیاسی ببێت بە شوێنی بریاری یەکلاکەرەوە، ئەوا هەموو ئەکتێکی تری کۆمەڵگا دەکەوێتە دەرەوەی سیاسەت.
لە دەوڵەتی مۆدێرندا ئەگەر یاسا کرۆکی سیاسەت بێت، ئەوا شمیت پێیوایە ئاوارتە سیمای بواری سیاسی پێکدێنێت کە بریاری تێدا دەدرێت کە بە باشترین شێوەی لە دۆخی نائاسایی (حالة الطوارئ) دەردەکەوێت، یاسا پەیوەستە بە سیستەمی بیرۆکراسی و ئاوارتە جەوهەری سیاسەتە ئەمەش بە واتای هەر دوو بوارەکە دێت، هەر بۆیە بە ئاراستەی گشتگیریی دەچێت.

### ٢-٣-١: لیبرالیزم و لاهوتی سیاسی

شمیت جەخت دەکاتەوە کە سیستەمی لیبراڵ وەک دەوڵەتێکی بێلایەن و نازانمگەرا stato neutral ed agnostico لەسەردەمی ئابووری دەرەوەی کۆنترۆڵ و بریاری دەوڵەت، شەرعیەتەکەی لەسەر بێلایەنی دامەزراوە، هەر بۆیە دەبێ واز لە بانگەشەی سەروەری بێنێت (اشمیت، ١٣٩٣، ١٠٩ و ، شمیت، ٢٠١٧، ١٤٧). هەر چەندە لیبرالیزم وەک سیستەمێکی میتافیزیکی گشتگیر و یەکگرتوو دەبینێت، کە رکەبەرایەتی (التنافس) دەکاتە بەدیلی ململانێ conflect (نظری، ١٣٩٤، ١٧٩). هەر بۆیە دژایەتی لە نێوان کرۆکی دیموکراسی و لیبرالیزمدا پەنهانە، لە لایەکەوە دیموکراسی بانگەشەی حوکمی زۆرینە و رای خەڵک دەکات، کەچی لەلایەن پارتەکانەوە دەنگەکانیان سازشی پێوەدەکرێت لەناو پەرلەمان، لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی دا، لەلایەکی تریشەوە لیبرالیزم بانگەشەی تاکگەرایی و بێلایەنی دەوڵەت دەکات، بەتایبەتی سەبارەت بە چالاکی ئابووری و حوکمی بازار، ئەمەش واتە نەمانی سیاسەت بەو جۆرەی ئەو تیۆریزەی کردووە.

شمیت لیبرالیزم بە سەرەتای پەراوێزخستنی چەمکی سەروەری وەک وجودێکی سیاسی دەزانێت، بە گواستنەوەی دەسەڵاتی بریاردانی حاکم لەمەر راگەیاندنی رەوشی ئاوارتە بۆ دەزگای گفتوگۆیی وەک پەرلەمان، کە دەوڵەت پەکدەخات (حیدری و کاوندی ١٣٩٥، ٣٣)، چونکە سەروەری لەرووی یاساییەوە سەربەخۆ و یەکپارچەیە (Schmitt, 1985, 16) و شوناسی تاکێتی چرکەساتی سەروەری جیادەکاتەوە و رەهەندێکی میتافیزیکی هەیە و هەربۆیە گفتوگۆی دیموکراتی جۆرێکە لە دەرچوون لە لۆژیکی دەوڵەت و بریاری سیاسی و لەوێشەوە دەرچوونە لە بواری سیاسی (البوبکري، ٢٠١٧ , ٢٥). تەنیا دەوڵەتی بە راستی سیاسی دەتوانێت دابینکەری یەکێتی و لەوێشەوە شەرعیەتی پێویست بێت بۆ "بریاردان" کە پێویستە وەریبگرێت (Norris, 2017, 896 ). هەربۆیە دەوڵەتی لیبراڵی بەدەوڵەتی یاسادانان (الدولة التشريعية) ناوزەد دەکات، کە جیاوازی دەکات لە نێوان یاسا و جێبەجێکردنی یاسا و سەروەری بۆ دەسەڵاتدارەکان و یاسایەکی ئەبستراکتە کە هەموو دەسەڵاتێکی هەیە (ولد اباه، ٢٠١٣، ١٩٤). هەر بۆیە دژی روانگەی پلۆرالیستی لیبراله بۆ دەوڵەت و پێیوایە بواری سیاسی نادیدە دەگرێت، لێرەشەوە دژی دیموکراسی پەرلەمانییە، چونکە ئەم دەزگایە بەرەنجامی دابەشکردنی پلۆرالیستی دەسەڵاتە و ناتوانێ بریارە سیاسییەکان بەناوی خەڵک وەک هەمەکێک بدات، ئەوە جگە لەوەی بیرۆکەی لیبراڵی پەرلەمان وەک پارێزەر مافی تاکەکان نایەتەدی چونکە سیستەمی فرە حزبی وایکردوە بە توندی بە کورسییەوە بچەسپێن و لە رێگای کۆدەنگی نێوانیان، خەڵک بەلاوە دەنێن (مرداخانی، ١٤٠٠، ١٤٠). ئەگەر چی شمیت جیاوازی لە نێوان لیبرالیزم و دیموکراسی دادەنێت وپێیوایە گفتوگۆ بەشێکە لە لیبرالیزم نەک دیموکراسی، چونکە دیموکراسی حوکمی گەلە بەسەر خۆیدا، کە یەکانگیرە و جیاوازییەکانی نەهێشتووە (العامر، ٢٠١٣)، بەڵام لیبرالیزم گەرەلاوژەی پەرلەمان و حوکمە لە رێگەی گفتوگۆوە(Government by Discussion) ئەوە جگە لەوەی دیسپلینی حزبی ناهێڵی ئەندام پەرلەمان نوێنەرایەتی گەل بکات (سیمون، ٢٠١٦). بەم جۆرە لیبرالیزم کە لەراستیدا پابەندی پێوەری

قازانج و زیانی مادديه، کرۆکی دەوڵەت دروستدەکات و لە جیاتی چەمکی سیاسی the political چەمکی ئابووری the economical دەبێت بە جەوهەر وەک سیستەمێکی ئابووری سازشکارانەیە نەک سیاسی، ئەوە جگە لەوەی مافی بڕیاردان لە دەسەڵاتی خاوەن سەروەری دەسێنرێتەوە، لە جیاتی ئەو پرۆسسی دووورودرێژی مشتومڕ و بەڕێوەبردنی قەیران جێگەی دەگرێتەوە.

کەواتە دەوڵەتی مۆدێرنی لیبراڵ، بواری سیاسی نەفی دەکات و سەروەری رەها، کە سەبارەت بە رەوشی ئاوارتە بڕیار دەدات، دەگۆڕێت بۆ سەروەری پەرلەمانی (پورچناری،١٣٩٢). و بە جەختکردن لەسەر رێکارگەرایی procedural و جیاوازی نێوان عەقڵانی/ناعەقڵانی و ئەخلاقی/نائەخلاقی، سەبارەت بەو شتانەی کە بەهای شەڕکردن لەسەریان هەیە/نییە و باڵادەستی جۆرێک لە روانگەی تاکگەرایی، روانگەیەکی گەشبینانە و ناواقعی و ئەبستراکت و لە سیاسەتخراو ولەمرۆڤخراو و بێ شوناسی سوبێکتی دروستکردووە و بە هۆی هەڵپەساردنی بواری سیاسی و سەرهەڵدانی خەمسارد و بێمانایی و زاڵبوونی روحی بەرخۆری (الاستهلاکي) لە جیهاندا (نظری، ١٣٩٤، ١٨٠). بەم چەشنە ئەگەر رکەبەرایەتی جەوهەری بازاڕی لیبرالی و کرۆکی ئابووری ئازاد بێت لە تیۆردا، ئەوا دەبێت جەنگ و ململانێ ببێت بە کرۆکی بواری سیاسی کە بڕیار تێیدا شتەکان یەکلایی دەکاتەوە، حوکم لەسەر راستی و هەڵەی هەڵوێست و رەوشەکان دەدات.

بەپێی تیۆری شمیت نەفیکردنی بواری سیاسی لە هزری لیبراڵ کە لە خودی هەموو تاکگەراییەک دایە، دەبێتە هۆی هاتنەئارای گومانگەری سەبارەت بە دەوڵەت و حکومەت، بێ ئەوەی هیچ تیۆرێکی سەربەخۆ بخاتەڕوو، دەوڵەتی لیبراڵی ئەنتی تێزی جەدەلی دەوڵەت و کەنیسە یان دەزگاکانی ترە کە ئازادی تاکەکەسی سنووردار دەکەن، هەر بۆیە لەسەر کۆمەڵێک چەمکی لە سیاسەتخراو دامەزراوە (اشمیت، ١٣٩٣، ٨٥- ٨٧ و شمیت، ٢٠١٧، ١٢٥- ١٢٦). تاکگەرایی سەرەتای رۆمانسیزم و توخمی سەرەکی پێناسەکەیەتی (اشمیت، ١٣٩٨، ٨٢). مرۆڤی رۆمانسی لە دیدی شمیت مەحکومە بە بێ توانایی و مەحکومە بە گفتوگۆی بێ برانەوە و گوتاربێژی لەرزۆک، ناتوانێ بڕیار بدات سەبارەت بە کێشەکان یان تەرجەمەی بکات بۆ واقع (دوریموس، ٢٠١٦، ٣١). کەواتە ناسیاسیبوون بریتییە لە بێ بڕیاری، گوتاربێژی بێ کردەوە، دیدگایەکی رۆمانتیک بۆ واقیع و هەوڵدان بۆ بەتاڵکردنەوەی سیاسەت لە ململانێی ریشەیی لەسەر بەهاکان و زاڵکردنی پانتایی تایبەتی بەسەر پانتایی گشتی دا، هەر بۆیە پەرلەمان دەبێتە جێگەی ئەوانەی کە دەتوانن زۆرترین قسە بکەن و خۆیان بنوێنن، بە تایبەتی لەسەردەمی باڵادەستی سۆشیالمیدیا و زاڵبوونی ژیانی مەجازی بەسەر ژیانی واقیعی دا، ئەمەش کەشێکی زهنی دروست دەکات کە سیاسەت دەکات بە گەمەیەکی زمانی و وێنەیی.

### ٣-٣-١: گەڕانەوەی بواری سیاسی

تەنیا دەوڵەت وەک یەکەیەکی رێکخراو، خۆی سەبارەت بە جیاکردنەوەی دۆست و دوژمن بڕیار دەدات. لە دیدی شمیت ئەو پێناسەیەی بۆ بواری سیاسی دەیکەین نە میلیتاریزم (عەسکەرتاریەت) نە ئیمپریالیزم و نە ئاشتیخوازییە، هەروەها هەوڵیک نییە بۆ بەئایدیالیکردنی جەنگی سەرکەوتووانە یان شۆڕش وەک جۆرێک لە ئایدیالی کۆمەڵایەتی، جەنگ مەبەست، ئامانج و تەنانەت ناوەرۆکی سەرەکی سیاسەت نییە، بەڵکو ئەگەر و پێشگریمانەیەکی پێویستە بۆ مانەوەی سیاسەت (اشمیت، ١٣٩٣، ٣٣-٣٥ و شمیت، ٢٠١٧، ٨٣-٨٥). لە جیهانێک کە ئەگەری جەنگ بەتەواوی لەناو بچێت، ئەوا ناتوانێت جیاکاری بکرێت لە نێوان دۆست و دوژمن هەر بۆیە بەرییە لە سیاسەت (شهباز، ١٣٧٠، ٥٦). ئەمە بەپێی تێگەیشتنی شمیت بانگەشە نییە بۆ مەرگدۆستی، هێندەی پەیوەندی بە واقعی ژیانی سیاسییەوە هەیە کە لەسەر ململانێ و جەنگ دامەزراوە، هەر بۆیە ئەو ژیانەی کە تەنیا مەرگ لەبەرانبەر خۆیدا دەبینێت، ژیان نییە، بەڵکو بێتوانایی و دەستەوەستانییە، ژیان لەبەرانبەر مەرگ و روح لەبەرانبەر بێ روحیدا لە ململانێدا نییە، بەڵکو روح لەگەڵ روح و ژیان لەگەڵ ژیان لە کێشمەکێش دایە، ئەمەش دەبێتە هۆی لەدایکبوونی سیستەمی نوێی بواری مرۆیی و سیستەم سەر لەنوێ لەدایک دەبێت (اشمیت، ١٣٩٣، ١١٨ و شمیت، ٢٠١٧، ١٥٥).

هەوڵی تیۆری شمیت بۆ دۆزینەوەی پێوەرێکی سەربەخۆ بۆ بواری سیاسی کە جیای بکاتەوە لە بوارەکانی تر،

وایکردووە ببێتە سەرچاوە بۆ دووبارە گەڕانەوەی چەمکی سیاسەت و بواری سیاسی وەک چەمکێکی سەنتەری بۆ ناو هزری سیاسی، بە تایبەتی کاتێ "بڕیار"ی خاوەن سەروەری دەکات بە پرەنسیپی سەرەکی بۆ حوکمڕانی، بەڵام هەوڵەکانی بۆ دروستکردنی سیستەمێکی گشتگیری داخراو کە هەر دوو بواری یاسایی و ئاوارتە و لەوێشەوە پانتایی بەرەنگاری بخاتە ژێر رکێفی خۆی، لەگەڵ دینامیکیەتی کۆمەڵگای سیاسی ناتەبایە، ئەوە جگە هێڵی نێوان سەروەری رەها و دیکتاتۆر و ستەمکار تێکەڵاو دەبن و بڕیاری خاوەن سەروەری دەبێت بە فەرمانێکی ئیلاهی.

سەرەڕای ئەمانەش لە رووی تیۆرییەوە سێ کێشە بە کراوەی دەمێننەوە: یەکەم؛ ئەگەر دەوڵەت مافی پێناسە کردنی دوژمنی هەبێت و جیاکاری نێوان دۆست و دوژمن بریتی بێت لە پێناسەی بواری سیاسی ئەوا دەوڵەت پێشگریمانەی بواری سیاسییە نەک وەک ئەوەی ئەو دەڵێت بواری سیاسی وجودی دەوڵەت دیاری بکات. دووەم؛ پێناسە جەوهەرییەکەی بۆ بواری سیاسی وەک جیاکردنەوەی دۆست و دوژمن وەک دوو گۆڕاوی سەرەکی، لە راستیدا لە چوارچێوەی دوژمن دەسوڕێتەوە، واتە دۆست رۆڵێکی ئەوتۆ لە پێناسەکەدا ناگێڕیت، هاوکات پانتایی دوژمانیەتی جێگەی خۆی بۆ ئەگەرەکانی بوونی هەڕەشە چۆڵ دەکات. سێیەم راستە سیستەمی لیبراڵ مەیلێکی هەمیشەیی هەیە بۆ بە سەنتەر کردنی ئابووری و بە کۆمەڵایەتی کردنی چالاکییە سیاسییەکان لە ژێر هەژموونی بازاڕ و تاکگەرایی دا، بەڵام بڕیار هێشتا ناوەندی سیاسەت پێکدێنێت. تێزی شمیت بۆ بنەڕەتی میتافیزیکی دەوڵەت و دامەزراندنی ترانسێندێنتاڵی دەسەڵاتی سیاسی و سێبەری لاهوتی بەدونیاییکراو کە رەگەکانی بۆ نەریتی کاسۆلیکی دەگەڕێتەوە، تائێستاش بایەخی تیۆریی خۆی هەیە.

## ٢ –دەرکەوتە نوێیەکانی لاهوتی سیاسی وەک سەربونیاد

شمیت هەوڵێکی تیۆری گرنگی داوە لە دوو ئاست دا یەکەمیان پێناسەکردنی سیاسەت یان بواری سیاسی بە جۆرێک خاوەن پێوەری تاقانەی خۆی بێت و توخمە ناوەکییەکانی لە بوارەکانی تر دا دووبارە نەبنەوە، ئەمەش دەیکات بە پانتاییەکی سەربەخۆ و هاوکات جەخت لەسەر درێژبوونەوەی رەهەندە لاهوتییەکان دەکات بۆ هەناوی سیاسەتی مۆدێرن، وەک ژێرخانێکی ترانسێندێنتاڵی کە وادەکات ببێتە بنەڕەتێک کە خۆی ئەرگۆمێنتی خۆیەتی و وەک بەڵگەنەویست قبوڵ دەکرێت. ئەمە دەرگای لەسەر دیدێکی نوێ کردووەتەوە بۆ ئەوەی نەک هەر لاهوتیبوونی بنەماکانی سیاسەتی مۆدێرن بەڵکو هەندێ دەرکەوتەش ببینین کە سەرەڕای ئەوەی سیستەمی لیبراڵ بانگەشەی ئەوە دەکات جەوهەری هاوبەشی سیاسەتن، بەڵام هەم وەک دیوی ئاوەژووی سیاسەت دەردەکەون و هەم جۆرێک لە سرووتی لاهوتی مۆدێرنن. ئەم بوارانە بریتین لە هەڵبژاردن و گوتاری مافەکانی مرۆڤ و خۆپێشاندن، کە یەکەمیان هەیکەلیەتی سیاسی لەسەر دادەمەزرێت و دووەمیان دەرفەتی دەنگی ناوخۆیە سەبارەت بە دیموکراتیزەبوون و شەرعیەتی بڕیارەکان و سێیەمیان پەیوەستە بە روانگەی دەوڵەتی لیبراڵی رۆژئاوایی بۆ ئەوانیتری دەرەوەی خۆی.

### ١-٢: دەنگی هەڵبژاردن و پرۆسسی بەناسیاسیکردنەوە

ئەمڕۆ لەگەڵ باڵادەستی سیستەمی لیبراڵ دیموکراسی، هەموو سیستەمەکان بۆ شەرعیەتدان بە خۆیان ئەگەر لە رووی شکلیشەوە بێت خۆیان بە دیموکرات ناوزەد دەکەن، چونکە وەک باشترین فۆرمی حوکمڕانی ناسراوە بە تایبەتی بە رەچاوکردنی سەرچاوەی شەرعیەتەکەی. داینەمۆی ئەم دیموکراسیەتە ئەمڕۆ لە جیاتی فەلسەفەیەکی قوڵ بۆ گۆڕانکاری لە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدار و ژێردەستە و هێنانەئارای هاووڵاتی، کە هاوسەنگی نێوان ئەرک و مافەکانی دەزانێت، "هەڵبژاردن" ی کردووە بە بەرجەستەکاری "ویستی گشتی" کە داینەمۆ و کرۆکەکە سەرەکییەکەی دروستدەکات.

هەڵبژاردن وەک قاوغی بەتاڵی دیموکراسی کە لە راستی دا پێویستە ناوەرۆکەکەی پێکبێت، دەتوانێت هەم بە بەتاڵی بمێنێتەوە و هەم لە رێگەی دەنگ و رای خەڵکەوە پرسی شەرعیەتی دەزگاکانی پێ پڕ بکرێتەوە، بەڵام لە ئێستادا بەکارهێنانی کارتی هەڵبژاردن شێوەی جیاوازی هەیە و رۆژبەرۆژ زیاتر لە ناوەرۆکەکەی بەتاڵ دەکرێتەوە و «زۆر

شــوێنی جیهان لەگەڵ دەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆر لە دیکتاتۆری هەڵبژێردراوە، ئازادییەکان پاشــەکشــەیان کردووە» (القبس، ٢٠٢٠). لە بەشێک لە وڵاتانی جیهان ڕێبەری باڵا و پاشا و عەسکەر لە سەرەوەی هەڵبژاردنەوە وەستاون و لە هەندێکی تردا ســیســتەمی دەســەڵاتخوازی هەڵبژێردراوelectoral authoritarian regimes لەئارادان و لە لیبرال دیموکراســییە پێشــکەوتووەکانیش ڕکەبەرایەتی هەڵبژاردنی بە پارە و دەزگا دەقگرتووە پڕ لە حیســاب و کیتابەکان ئامادەییان هەیە، بە جۆرێک کە توێژینەوە نوێیەکان بە "باشـترین سـیسـتەم وەسـفی دەکەن کە پارە دەتوانێت بیکڕێت" (دایموند، ٢٠١٤، ٤١– ٤٧).

ئەگەر ئەم پرسە پەیوەست بکەینەوە بە دیدی شمیت کە چۆن سەرچاوەی بێگەری بڕیار دروست دەکرێت، ئەو سەیر دەکەین کێشەکە هێشتا هەر لەو سنوورە بە شێواوی ماوەتەوە کە پێشتر ئەو پێیوابوو «کاتێ سەروەر sovereign ئەرکەکەی تەواو دەبێت، لە پانتایی سیاسی پاشەکشە دەکات و سیاسەت بە نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان و نۆرمە تازە دامەزرێنراوەکان و شەرعیەتی پاشهات ensuing lwgality ی دەوڵەت دەسپێرێت، ئەم چرکەساتەی دیموکراسی چرکەساتی سیاسەتی ئاساییە» (اسداله نژاد، ٢٠٢٢، ٩). بەم جۆرە لێرە دا هەم پرسی سەروەری بەمانا ئەبستراکتەکەی پرەنسیپە تۆکمەکەی خۆی لەدەستداوە کە جاران خاوەن سەروەری لە هەمەکیەتی خۆیدا پیادەی دەکرد، هەم دیموکراسی لە جیاتی ناوەرۆک بووە بە چرکەساتی خوڵقاندنی شەرعیەت بۆ سەروەرییەک کە خۆی بنەماکانی تۆکمە نییە.

**١-١-٢: لە خەستەیی لە دیموکراسییەوە بەرەو لاهوتی سیاسی**

لەسەردەمی هاوچەرخدا هاوکێشەی نێوان "دیموکراسی و هەڵبژاردن" توشی کێشەی سەرەکی هاتووە و بووە بە هۆکاری سەرهەڵدانی قەیرانی شەرعیەت لای هاووڵاتیان کە لە سێ پنت دا خۆی دەردەخات، ئەوانیش بریتین لە «دەنگنەدان و هەڵگەڕانەوەی ئایدیۆلۆژی و حزبایەتی نەکردن» (ریبروک، ٢٠١٩، ٢٥-٢٧). ئەمەش لەلایەک خەمساردی و لاموبالاتی سیاسی بەرهەمهێناوە و چیتر هەڵبژاردن وەک ڕێگای چاکسازی لە سیستەم و گەیشتن بە "ژیانی چاک" (ارسطو، ١٣٥٨، ٥) سەیر ناکرێ و لە لایەکی دیکەوە خۆبواردن لە دەنگدان هەندێجار گوزارشتە لە بەرزیی ئاگایی سیاسیی کە هێمای ڕەدکردنەوەی سیستەمە لە هەمەکییەتی خۆیدا، چونکە ئاگان لەوەی «دەنگی گەل بۆ بڕیارە سادەکانە و بڕیارە چارەنووسسازەکان لە ژوورە داخراوەکان و لە لایەن دەزگا هەڵنەبژێردراوەکانەوە دەدرێت» (عبد العزیز، ٢٠٢٣، ٥٦). بەڵام هەر دوو لایەن هۆکاری خزینن بەرەو هزری زڕە سیاسەت و لاهوتی سیاسی لە درێژخایەندا، بە تایبەتی لەگەڵ پەرەگرتنی ڕەوتە توندڕەوە ڕاستڕەوەکان لە ڕۆژئاوادا و ئامادەیی هەمیشەیی هێزە دینییەکان لە ژێرەوەی ئاگایی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

هەر بۆیە هەر سێ پنتی قەیرانەکە بە براوی ئێمە خۆی لە مەیلداربوون بۆ گوتاری پارت و بزوتنەوە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لە لایەک و هێزە ئایینیەکان لە لایەکی تر دەڕوات کە وەک چارەسەری خێرای کێشەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ سەیر دەکرێن کە زۆرتر لە "بزووتنەوەی پڕوپاگەندەی جەماوەر ساختە" دا دەدەکەون، ئەمەش بەنۆرەی خۆی بووتە هۆی بێ متمانەیی بە دیموکراسی و بێزاری و خەمساردی لە سیاسەت یان هەورەک ریبروک ئاماژەی بۆ دەکات "سندرۆمی خەستەیی لە دیموکراسی" خوڵقاندووە و وایلێهاتووە باشترین چارەسەر بۆ ئەم نەخۆشییە پێشکەشکردنی باشترین نمایش بێت لەبەردەم جەماوەردا (بڕوانە: ریبروک، ٢٠ و دواتر).

سندرۆمی دیموکراسی و بێزاری لە سیاسەت ڕۆژئاوا بووە بە هۆی گەڕانەوەی پۆپۆلیزمی دەسەڵاتخواز و نەتەوەپەرست و ئایدیۆلۆژیای دژە کۆچەری گەڕاوەتەوە و کەلێنی نێوان لیبرالیزم و دیموکراسی بەرفراوان کردووە» (نویمان، ٢٠٢٣، ٢١)، ئیدی سیاسەت بە ئاراستەی بەرژەوەندی کۆمەڵگا و چاکەی دیمۆس ناڕوات و لەم سیستەمەدا بەشداری نەکردن و خەمساردی زۆرینەی کۆمەڵگا بووە بە هۆکاری بەهێزبوونی ڕاستڕەوە توندڕەوەکان، چونکە ئەوان هێزە پۆپۆلیستەکان وەک هێزی ئایینی و دەرمانی قەیرانەکان دەبینن. بۆ نموونە لە ئەوروپا لە نێوان ٦و ٩ یۆنیۆی ٢٠٢٤ نزیکەی ٤٠٠ ملیۆن دەنگدەری ئەورووپی چونە سەر سندوقەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی ٧٢٠ کورسی پەرلەمانی. ئەوەی جێگەی سەرنج بوو سەرکەتن و هەڵکشانی بەرەی ڕاستڕەوی توندڕەوی پۆپۆلیست بوو لە زۆربەی وڵاتەکانی

ئەورووپا. لە نەمسا حزبی ئازادی راستڕەوی توندڕەوFPö ٢٥.٤٪ پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە. لە ئیتاڵیا حزبی "برایەتی ئیتاڵیا "FDI راستڕەوی توندڕەو ٢٨.١٦٪ دەنگەکانی بەدەستهێناوە. راستڕەوی پارێزگاریش لە ئیسپانیا "حزبی گەل" ٣٤٪ دەنگەکانی مسۆگەر کردووە. لە پۆڵەندا حزبی نەتەوەیی پۆپۆلیست ٣٦.١٦٪ دەنگەکانی مسۆگەر کردووە و راستڕەوی توندڕەویش واتە حزبی کۆنفیدیراجا ١٢.٠٨٪ دەنگەکانی بەدەستهێناوە. لە هۆڵەندا راستڕەوی توندڕەو واتە "حزب بۆ ئازادی ١٧.٧٪ دەنگەکانی بەدەستهێناوە. لە ئەڵمانیاش راستی ناوەڕاست "یەکێتی دیموکراتی مەسیحی" ٣٠٪ دەنگەکان و حزبی راستڕەوەی توندڕەوی "ئەلتەرناتیڤ بۆ ئەڵمانیا" ١٥.٩٪ دەنگەکانی مسۆگەر کردووە. لە فەرەنساش راستڕەوی تەندڕەو "گردبوونەوەی نیشتمانی" ٣١.٣٧٪ دەنگەکانی بەدەست هێناوە.(acpss.ahram.org.eg,2024) .

ئەم هەڵکشانەی کێرڤی پارتە راستڕەوەکان کە زۆرتر مەیلی دینداریان هەیە، و گوتاری بەلاهوتیکردنی سیاسەت وەک ناوەرۆکی پرۆژەکانیان خۆی دەردەخات کە خۆیان وەک چارەسەری رۆحی نەخۆشی کۆمەڵگا دەبینن نەک کێشە سیاسییە دونیاییەکانی. یان هەروەک خودی کەنیسە ئاماژەی بۆ دەکات گونجاندنی ئیلاهییە وەک پاساوێک بۆ سیاسەتی وەحشیگەری و تیرۆر و فاشیزم و فراوانخوازی (العجي، ٢٠٢٠). ماکرۆنیش ئاماژەی بەوە کردووە کە هەڵکشانی نەتەوەپەرست و دیماکۆجەکان هەرەشەن لەسەر فەرەنسا (acpss.ahram.org.eg, 2024). بەتایبەتی لە کاتێکدا هەوڵی توندڕەوە راستڕەوەکان بۆ "کۆمەڵگایەکی یەکانگیر لە رووی کولتورییەوە " لە جەوهەری خۆیدا هەڕەشەیە بۆ سەر پرەنسیپەکانی دیموکراسی لیبراڵ. (محمود،٢٠٢٤، ٢٣٣) ئەوە جگە لەو مەیلە دینییەی کە بەردەوام لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست هەمیشە دەوری سیاسەت دەگرێت و دژایەتی سیاسەت دەکات وەک سەلەفیەتی مەدخەلی؛ یان جوڵەکانی خاو دەکات وەک لە سیستەمی سیسی لە میسر بەرچاو دەکەوێت یان بەرەو توندڕەوی دەبات هەروەک لە عێراق و سوریا و لیبیا و تونس و عێراق و سودان و ئیسرائیل خۆی دەردەخات. یان وەک دەرەنجامگیری ئۆنفری لە گەشتەکەی بەناو سرووتی ئایینیە جیاوازەکانی جیهاندا لە کتێبەکەی بە ناوی "نەرێی لاهوت: فیزیای میتافیزیک" پێیدەگات کە بریتییە لەوەی خەڵک گێرانەوە خەیاڵییەکان بۆ ئەوە بەکاردێنێت تا خۆیان لە بینینی جیهانی رووبەڕوو ببوێرن و واقع لەبیر بکەن (اونفري، ٢٠١٢، ١٣).

ئەم هەڵکشانەی هێزە راستڕەوەکان لە رۆژئاوا و هێزە دینییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هێمایە بۆ باڵادەستی هزری لاهوتی، بەو مانایەی کە سیاسەت وەک ئەکتێکی دونیایی دەگۆڕێت بۆ چارەسەرێکی کۆتایی، کە تێکەڵەیەک لە مەیلی سۆفیگەرانە و رۆمانسی بۆ کۆمەڵگایەکی ئایدیا دروست دەکات، کە بەرەو توندوتیژی و توندڕەوی ناوخۆیی دەڕوات.

**٢-١-٢: لە نێوان شەڕەنگێزی و دوژمنایەتی**

ئەگەرچی هێڵیی نێوان دوژمن و شەڕەنگێزی بە پێی تێگەیشنی شمیت زۆر باریکە و رەنگە لەهەندێ جێگەش ئاوێتەی یەکتر ببن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا بەو دیاریکردنە وردەی بۆ چەمکی دۆست و دوژمن دەیخاتەڕوو، پرسەکە لە حاڵەتی سایکۆلۆژی دەردێنێت و پەیوەستی دەکات بە شوناسەوە، بەڵام لە وڵاتی فرە پارچە دا پرسی شوناس زۆر ئاڵۆز دەبێت، بە تایبەتی ئەگەر پارتە سیاسییەکان ببن بە بەشێک لە قەیرانی بەردەوامی نەگەیشتن بە رێککەوتن و کۆدەنگی.

ئەگەر لە بنەڕەتدا حزبە حاکمەکان تواناکانی دەوڵەت و پارە بکەنەوە ئامرازی دووبارە هەڵبژاردنەوەیان (دایموند، ٢٠١٤، ٤٦) ئەوە جگە لەوەی هەڵبژاردن لە جیاتی روحی سیاسەت کە هەمان بەرژەوەندی گشتیی کۆمەڵگای سیاسییە بە ئاراستەی توندڕەوی و رق و کینەی زیاتر "لەخود" دەبات، کە رۆڵی شەڕەنگێز دەگێڕێت، نەک راوەستان لەبەرانبەری "ئەویتر"ی دەرەکی کە هەروەک شمیت جەختی لەسەر دەکات رۆڵی دوژمن دەبینێ، چونکە دوژمن فۆرمێکی گشتی هەیە، هەر بۆیە لە روانگەی شمیت ململانێ و دژایەتی ناوخۆیی کە بە سیاسەتی حزبی ناوزەدی دەکات، دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەوڵەت و شوناسی هاوبەش و بواری سیاسی لە بەرانبەر ئەویتر و ئەمەش دژە سیاسییەتە. لە دیدی شمیت دەسەڵاتی دامەزرێنەری خەڵکی سەروەر، سروشتی و جەوهەری نییە، بەڵکو لەسەر دژایەتی نێوان دۆست/دوژمن دامەزراوە و شوناس وەک ناوەرۆکی هاوبەش بەرهەمی لێکەوتەکانی ئەم دژایەتییە، هەر بۆیە «چەمکی شوناسی دیموکراتی وێنایەکی سیاسییە و وەک هەموو بۆچوونە سیاسییەکانی تر پەیوەستە بە جیاوازییەوە» ( Schmitt,

.(Constitutional , 227

دوژمنایەتی خودی دەسەڵات لەگەڵ ئەویتری دەسەڵاتی سیاسی جێکەوت و کارایی زۆری هەیە، بەڵام کاتێ سیاسەت لە تانوپۆی ژیانی رۆژانە دا خزیوە و ئەمە لەسەر سیاسەتە ناوخۆییەکەی پیادە دەکەین، دوژمنانەیەتی سیاسی دەگۆڕێت بۆ رق و کینە و ئەمەش سیاسەتی پۆپۆلیستی و ناکۆکی ناوخۆیی و کۆمەڵایەتی بەرهەم دێنێت. هەربۆیە لێرەوە جارێکی تر دەوڵەت کە هەمان چوارچێوەی پیادەبوونی بواری سیاسییە the political لە ناوخۆیدا کەرت دەبێت و "خودەکان" دەبنەوە بە دوژمن و هەر لەم سۆنگەیەوە دەبینین لە ئەوروپا سیاسەت بە ئاراستەی پۆپۆلیزم دەڕواتە پێش لە دوای هەر هەڵبژاردنێک، واتە جەختکردنەوەی پارتەکان لەسەر داخرانی ئەوروپا زیاتر بە سەر خۆیدا و دژایەتی پەنابەر و کۆچبەران.

ئەم بزووتنەوانەی لەسەرەوە باسکران، هەموو هێزی خۆیان بۆ گەیشتن بە پەرلەمان بەکاردێنن و سیاسەتی خۆ خزاندنە ناو پەرلەمان لە رێگەی ختوکەدانی هەستی شەرەنگێزی ئەنجام دەدەن بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و دەنگیش تەنیا بۆ گەیشتن بەو شوێنەیە. ئەوە جگە لە «لادەری هەڵبژاردن کە بنەماکەی لەسەر ئەوە دامەزراوە "دەنگ دەژمێردی ناپێوریێ» (الشاوي، ٢٠١٣، ٢٢٥)، ئەمڕۆ پێچەوانە بووەتەوە، واتە دەنگی دەنگدەر قورساییەکی ئەوتۆ یان گۆڕانێکی وەها دروست ناکات و فاکتەری زۆر کاریگەرتر رۆڵ دەگێڕن لە پێش هەموویانەوە ئابووری. ئەمەش "پارادۆکسی دیموکراسی" زیندووکردووەتەوە کە پەیوەستە بە دەسەڵات و بابەتەکەی کە لە راستیدا دەبێ هەردووکیان "خەڵک"بێت، بەڵام لە واقیع دا وەها نییە (هەمان، ٧٩٤).

ئەمەش سەرچاوەی سەرەکی قەیران و بێزارییە لە دیموکراسی، کە هەموو پانتایی سیاسەت لە ئابووری دا کورت دەکاتەوە و هەر وەک شمیت ئاماژەی بۆ کردوە لە "پانتایی سەنتەریی گۆڕاو"ی چوارەم واتە ئابووریدا خۆی مەڵاس داوە و بووە بە کرۆکی سیاسەتی لیبراڵی دەتوانێت ببێت بە بنەڕەتی شەرعیەت، بەڵام هەر بە پێی تێگەیشتنی ئەو تەنیا لە چوارچێوەی زڕە سیاسەت و ناسیاسبوون دەمێنێتەوە. هاوکات پارتەکان دەنگی لەسیاسەتبێزارەکان بەکاردێنن بۆ گەیشتن بە پەرلەمانێک کە هەر لە بنەڕەتدا وەک شمیت دەڵێت شوێنی گفتوگۆی بێ برانەوە و دابەشبوونی حزبییەهەر بۆیە دژایەتی دەوڵەتی دەستووری لیبراڵ دەکات و پێیوایە بڕیار و ئاوارتە دەخاتە ژێر دەستی پەرلەمان، پرسی سەروەری سەرکوت دەکات لە میانی دابەشکردنی سەلاحیەتەکان و کۆنترۆڵکردنی دوو لایەنە (شمیت، ٢٠١٨، ٢٨). چونکە جەوهەری لیبرالیزم دانووسان و گۆڕینی کێشەی کۆتایی و شەڕی خوێناوی یەکلاکەرەوەیە بۆ گفتوگۆی پەرلەمان و هەڵپەساردنی "بڕیار" بۆ هەتا هەتایە لە گفتوگۆی ئەبەدیدا (هەمان، ٧٠-٧١). کەواتە هەڵبژاردن وەک دەرکەوتەی ناسیاسیبوونی شمیتی و جۆرێک لە تقوسی ئایینی کە یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی دووبارەبوونەوەی بەردەوامیەتی، ناتوانێ کێشەی "بڕیار" چارەسەر بکات، بە تایبەتی کە هەڵبژاردن خۆی لانیکەم لە رواڵەتدا لە پێناو نەهێشتنی قەیران و ئاوارتەیە.

هێرش کردنە سـەر کاپیتۆڵ لە لایەن لایەنگرانی ترامپەوە لە ساڵی ٢٠١٦ دوای دەرنەچوونەوەی و سـوکایەتی بە دامەزراوە یاساییەکانی یەکێک لە کۆنترین دیموکراسییە سەقامگرتووەکان، نیشانەی گومانی گەورەیە لە دەنگی هەڵبژاردن و ئامانجی دیموکراسی. لێرەوە خودی دیموکراسی لە جیاتی چارەسەکاری قەیران دەبێت بە قەیرانێکی تر یان لانیکەم بەستێنێک کە قەیرانەکان پەردەپۆش دەکات، چونکە هەروەک رانسیەر دەڵێت لەراستیدا "رەوشی ئاوارتە" ناوەرۆکی راستەقینەی دیموکراسییە و «زۆرینە یان بەهێزەکانی کەمینە، حوکم بکەن و قەیرانەکانیش بەردەوام بن، هەر بۆیە جەماوەر یان بایەخیان بۆ بواری گشتی نامێنێ و بەشداری هەڵبژاردن ناکەن یان تەنیا لە روانگەیەکی تەسکی بەرژەوەندی و حەزی تاکەکەسی وەک بەکاربەر بەشدار دەبن (رانسییر،٢٠١٢ ،٢٧- ٩٣)، ئیدی ئەگەر دیموکراسی بەهایەک بێت نەک تەکنیک وەک هەندێک راڤەکار هەوڵی بڵاوکردنەوەی دەدەن، کەواتە دەشێت مانای جیاوازی هەبێت (گنو، ١٣٨١، ٨)، بەڵام لەگەڵ تێکچوونی باڵانسی نێوان ئەوانەی هەڵدەبژێرن (خەڵک) و ئەوانەی هەڵبژێردراون و بەشکلیبوونی هەموو پرۆسسیەکە، دیموکراسی رەهەندە کلتوری وسیاسییە قوڵەکانی کاڵبووەتەوە بۆ هەندی رێکاری تایبەت بە رۆژی دەنگدان.

**٣-١-٢: ئابووری لاهوتی و سیاسەت**

کرۆکی دیموکراسی کە «سیستەمی فەرمانڕەوایی پرسی سەربەستی و هەڵبژاردنە و دەزگاکانە دروستکراوی مرۆڤن و گەشەی شار بەرهەمی ئیرادەی مرۆڤە». (مل، ٢٠١٧، ٤٥) ئێستا ئیدی لەگەڵ چەقبەستنی دامەزراوەکان و هەژمونی کۆمپانیا و دەزگا زەبەلاحە ئابووری و بازرگانییەکانی دەرەوەی سیستەمی شەرعیەت، چیتر «سیستەمی سەروەری و سەربەخۆیی هەمووان و دەزگای فەرمانڕەوایی خودی تاکەکەن» نییە. (دال، ٢٠٠٥، ١١) روحی دیموکراسی کە هەمان خەباتە لە پێناو بنیاتنانی کۆمەڵگا ئازادەکان، کە گرنگترین بەها تێیدا مافی هەڵبژارنە لە کەشێکی رکەبەرایەتیدا و لەوەش گرنگتر "راستکردنەوەی ستەمکارییەکانە"، ئیدی تەنانەت هەڵبژاردنی ئازاد و پاکیش بەس نییە بۆ دیموکراتبوونی وڵاتێک و دیاریکردنی چەمکی دیموکراسی تاڕادەیەکی زۆر بە راڤەی تەلمود یان هەر دەقێکی دینی تر دەچێت. (لاري،٢٠١٤، ٤١) کاتێ هەڵبژاردن لە جیاتی ئەوەی روحبەخشینەوە بێت بە سیستەمی دیموکراسی لە رێگای را و ئیرادەی ئازادی خەڵکەوە، دەبێت بە میکانیزمێکی دەستی دەسەڵات بۆ داگیرکردنەوەی پانتایی مەیلی تاکەکان و دووبارە خۆ-هەڵبژاردنەوە یان سەپاندنەوەی بژاردەکانی خۆیان، ئیدی هەڵبژاردن وەک چەمکێکی سیاسی و وەک جەوهەری سیاسەت ماناکانی خۆی لەدەست دەکات و دەگۆڕێت بۆ چەمکێکی لاهوتی، بەو مانایە تواناکانی گۆڕانکاری لێوەردەگیرێتەوە و تەنیا وەک سرووتێکی دووبارە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. لە زۆرێک لە وڵاتە هەرەپێشکەوتووەکان، «شانۆی دیموکراسی هەیە کە ئاوەژووکردنەوەی ململانێی میدیای مۆدێرنی ئەمریکایە و بووەتە هۆی ناسیاسیبوون و لە قۆناغێک کە بە سەردەمی "ئیمپریاڵ" ناوزەد دەکرێت، واتە سەردەمی لە ناوچوونی هاووڵاتی ئازاد و چیتر ویستی دروستکردنی "جەستەی سیاسی political corpse نامێنێ» (گنو، ١٣٨١، ٥٠-١٤٢) و ئەمەش بەمانای پوکانەوەی پانتایی گشتییە لەبەرانبەر پانتایی تایبەتی و سەرکەوتنی لۆژیکی پارەیە بەسەر چاکەی گشتی هاووڵاتیان.

جۆرجیۆ ئاگامبێن (١٩٤٢- ) لە ژێر کاریگەری شمیت، تێزی لاهوتی ئابووری کە جێگرەوەی ئیکۆنۆمیاoikonomia واتە ماڵداری یان "پارادایمی بەڕێوەبردن"ە، دەخاتەڕوو و پەیوەستی دەکات بە لاهوتی مەسیحی کە بنەڕەتی هەردووکیان بۆ باڵایی و تاقانەیی خودا دەگەڕێتەوە و جەخت دەکاتەوە کە ئایینناسە مەسیحییەکان ژیان و دەوڵەتی لاهوتی سەر زەوییان وەک جۆرێک لە ئابووری دەبینی نەک سیاسەت و لەوێشەوە مێژوو وەک ئەو ئاماژەی بۆ کردووە دەبێت بە "ئابوورییەکی رازدار یان پڕ لە نهێنی" کە مرۆڤ دەبێت بیکاتەوە (آگامبن، ٢٠٢٤) و "دەستی نهێنی" و لۆژیکی سەربەخۆی بازاڕی ئازاد، ئادەم سمیس رەگێکی بۆ ئێرە دەگەڕێتەوە، واتە دەستێکی غەیبانی کە بڕیارە دادپەروەری بازاڕ پیادە بکات و رەگێکیشی بۆ بیرۆکەی عینایەتی ئیلاهی قدیس ئۆگستین و ئەکوینی دەگەڕێتەوە، هەربۆیە ئابووری مۆدێرنیش لاهوتێکی عەلمانییە هەر بۆیە بنیامین جەخت دەکاتەوە کە "سەرمایەداری خۆی دینە" (نویمان، ٢٠٢٣، ٢٣١-٢٣٨).

ئەمەش دواجار واتە باڵادەستی ئابووری بەسەر بەهاکانی تردا و هەروەک رانسیەر دەڵێت دیموکراسی لە راستیدا سەروەری بەکاربەری (المستهلك) نێرجسییە کە بژارەدکانی بەردەمی زۆرن و دەتوانێ چێژەکانی زیاد بکات و دەبێ وێڕای ئەرستۆ و شتراوس و ئارێنت مانای بێگەردی سیاسەت لە دەست بەکاربەری دیموکراسی رزگار بکەین(رانسيير، ٢٠١٢، ٩٥). سیاسەت دەبێ زیاتر بێت لە "هەڵبژاردن لە نێوان ئەو ئۆلیکاریشیانەی" دەتوانین جێگۆڕکێیان پێ بکەین، جەماوەر تەنیا دەتوانێ داکۆکی لە لۆژیکی شێوازی ئۆلیگاریش واتە ئابووری یان دەسەڵاتی بێسنووری سامان بکات. ئەمەش لە رێگای تقوسی کەهەنووتی بەهێز دەکرێت و رەهەندی روحی پێدەدرێت نەک سیاسی. بە هۆی هەڵاوسانی بیرۆکراسییەت، بۆ نموونە بوونی هەزاران کەس وەک لۆبی lobbyists لە سیاسەت و دیموکراسی ئەمریکا هێمای سەراوژێر بوونی بنەڕەتیی پرۆسسی بڕیارە (گنو، ١٣٨١، ٣٨- ٤٣)، کە زانیاریان زۆر زیاترە لە خودی کارمەندەکانی دەوڵەت و بە دوای مسۆگەرکردنی بەرژەوەندی تایبەتیەوەن و ئەمەش باڵاتربوونی سیاسەت ناهێڵێ چونکە جیاکردنەوەی پانتایی گشتی وتایبەتیش بەرەو پووچبوون دەچێت و ئایدیای هاووڵاتیبوون لەناو دەبات

**٤-١-٢: لاهوتی نوێ: هەڵگەڕانەوە لە ئیرادەی گەل بەرەو ئیرادەی ئیلاهی**

پەیوەندی نێوان ئایین و کۆنترین سیستەمە سیاسییە مۆدێرنەکان کە لە ڕووی مێژووییەوە ئابووری بنەمایەتی، دەگەڕێتەوە بۆ میراتی کۆلۆنیالیزم، ئەمەش هەر لەسەرەتاوە پەیوەست بووە بە لێکبەستنی لاهوت و سیاسەت لە پێناو ئابووری دا بەتایبەتی لەسەردەمی سەرمایەداری بازرگانی دا هەم بۆ دەرەوە و هەم لەسەر ئاستی ناوخۆ. بۆ نموونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەر لەسەردەمی جۆرج واشنتۆنەوە ٢٦ نۆفەمبەر کراوە بە ڕۆژی نەتەوەیی"جەژنی شوکرانە" ئەمە بە ناو نەریتی سیاسی ئەمریکا دا دێت و جۆرج بۆشیش ٣ی فیبرایەری کردووە بە ڕۆژی نەتەوەیی "نوێژ".

ئەگەرچی یەکەم فەرمانی جێبەجێکاری ترەمپ لە مەراسیمی دەستبەکاربوونی خولی دووەمی سەرۆکایەتیدا، ڕاگەیاندنی "ڕەوشی ئاوارتە" بوو لە سنوورەکانی باشووری ئەمریکا (العربیة، ٢٠٢٥)، بەڵام مەراسیمەکە ئاماژە بوو بۆ بەلاهوتیبوونەوەی سیاسەت و بڕیار، ترەمپ کە پێش هاتن بۆ کاپیتۆڵ سەردانی کەنیسەی سان جۆنزی کردبوو، ئاوێتەیەک بوو لە سرووتی کەهەنووتی و نمایشی ڕوحی، بە ئامادەبوونی زۆرینەی سەرکردە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان و زەبەلەحەکانی بواری ئابووری و تەکنەلۆژیا، ئەو دروشمەی کاتی خۆی دەیگوت «ئەوەی بۆ جنراڵ مۆتورز باشە بۆ ئەمریکاش باشە» (گنو، ١٣٨١، ٤٠)، بیر دەخستەوە و هاوکات وێنایەکی وا پێشاندرا کە پاش ململانێیکی حزبی بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات دیسان "ئیرادەی ئیلاهی" دەستی هەیە لە ئاراستەکردنی "ئیرادەی گەل". لەکاتێک دا خانمی یەکەمی ئەمریکا دوو نوسخە لە کتێبی پیرۆزی لەدەست دا بوو، گەورە قەشەی ئامادەبوو لە ناواخنی وتارێکی تەژی لە ئامۆژگاری ئایینی وتی جۆرج بوش بە سەربازەکانی دەگوت دوعا بکەن لە کاتی شەڕکردن دا.. بەیەکەوە و بەکۆمەڵ، بەشەو بەڕۆژ. پێشتریش بۆش وتبووی "سەرۆکایەتی من بەشێکە لە پلانێکی موقەدەس. یەکێکی تر لە قەشەکان وتی سوپاس بۆ خودا ترەمپی بەسەر ئەو دوژمنانەدا سەرخست کە ویستیان بیکوژن و بە دەستی بەهێزی خۆی بەرزیکردەوە (بي بي سي، ٢٠٢٥).

لۆرێنزۆ سویل کە یەکێک بوو لەو قەشانەی کە بە فەرمی لەلایەن ترەمپەوە داوەت کرابوو و لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنیش وەک ڕەشپێستێک پشتگیری ترەمپی کردبوو دەڵێت "پەیامی ئینجیل پەیامێکی سیاسییە و کتێبی پیرۆز کتێبێکی سیاسییە" (بي بي سي، ٢٠٢٥). ترەمپ خۆیشی لەکاتی وتارەکەی کە کۆی قسەکانی ڕەهەندی ڕوحی هەبوو زیاتر لەوەی سیاسی بێت وتی: کاتێ لە پنسیلڤانیا گولەیەک گوێی بریندار کردم ئەو کات هەستم پێکرد و ئیستاش ئیمانم بەوەیە کە لەبەر هۆکارێک ژیانم ڕزگار بووە، خودا ڕزگاری کردم بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەمریکا مەزن بێت. ئەمە نوێترین فۆڕمی بەلاهوتیکردنەوەی سیاسەتە، واتە لە کاتێکدا ئایین هەر لەبنەڕەتدا ئاوێتەی سیستەمەکەیە هەر بەو مانایەی کە فەیبەر و شمیت ئاماژەیان پێداوە و ئەخلاقیاتی پرۆتستانتی و بنەما میتافیزیکییەکانی کاسۆلیکیەت دەبن بە پاڵنەری سیستەمە سیاسییەکە، هاوکات ڕەهەندێکی ڕوحی و لاهوتی بە دیاردەکان دەدرێت، جارێکی تر پارە و دەوڵەمەندی دەبێت بە جۆرێک لە زوهد و سرووتی ئایینی و یان هەروەک شمیت دەڵێت بۆرژوازییەت لیبراڵی ئەرستۆکراتی خوێن و بنەماڵەی لەناو برد، بەڵام باڵادەستی قێزەونی ئەرستۆکراتیەتی پارەی هێنا ئارا کە نەزانترین و عەوامانەترین جۆری ئەرستۆکراتێتە،لە ڕاستیدا نە سەروەری پاشای دەوێت نەهی گەل (شمیت، ٢٠١٨، ٦٨).

ئەگەر ڕەخنەی سەرەکی شمیت ئەوە بووبێت کە بۆرژوازییەت وەک داینەمۆی لیبرالیزم بریتییە لە "چینی گفتوگۆکاران" و حکومەت هەموو چالاکییە سیاسییەکانی لە گفتوگۆی ڕۆژنامە و پەرلەماندا کورت دەکاتەوە و ئەمەش ڕاکردنە لە بڕیار (شمیت، ٢٠١٨، ٦٨). کەواتە بۆرژوازییەتی ئازادی میدیایی پەیوەست نییە بە بەڵگەنەویستەکانی ئابووری و بازرگانی و ئاڵوێر، بەڵکو پەیوەندی بە هەندێ ناوەرۆکی مێتافیزیکییەوە هەیە. هەر بۆیە شمیت ڕووبەڕووی دیموکراسی دەبێتەوە لە فۆڕمی یەکیەتیەکی تەکتیکی لەبەرانبەر دوژمنە سەرەکیەکانی واتە لیبرالیزم و پلۆرالیزم و تاکگەرایی و پۆزەتیڤیزمی یاسایی و سەروەری یاسا(Holmes ,1993). کەواتە سەیرکردنی دیموکراسی وەک غەنیمەت لەسەر بنەمای "ڕزگارکردنی دیموکراسی" و "جیاکردنەوەی لە توخمە لیبراڵییەکانی" هەموو پرۆژەی شمیت پێکدێنێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی هێنانە پێشەوەی یەکەمیان، دووەمیان بێبایەخ بکات، واتە باشترین ڕێگە بۆ شەڕ لەگەڵ لیبرالیزم دیموکراسییە

(اسداله نژاد، ٢٠٢٢، هەمان).

ئەمەش گەڕاندنەوەی چەمکی گەلە وەک هەمەکێک لە چوارچێوەی دەوڵەتی خاوەن سەروەری دا لە بەرانبەر تاکگەرایی لیبرالیزم کە پارچە پارچەیە و ئابووری ئامانجە هەرە باڵاکەیەتی. بەم جۆرە ئەگەر سەردەمێک هەڵبژاردن وەک ڕێگایەکی ئاشتیانە بۆ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات سەیر کرابێت، ئەوا ئەمڕۆ، تەنیا دەتوانێت ڕێگەیەکی ئاشتیانە بێت بۆ ڕوونەدانی ئاڵوگۆڕ و دەرچوون لە قەیرانەکان. هاوکات پرسە جەهەرییەکای ناو سیاسەت کە هەمان "بڕیار" و "سەروەری"یە، ئیدی پەیوەست نییە بە "گەل" چونکە ئەم چەمکە چێتر ئامادەییەکی دونیایی و بەرجەستەی نییە و بووە بە چەمکێکی ناڕوون کە تەنیا ڕۆڵی شەرعیەتبەخشین دەگێڕێت لە چرکەساتی یەکەمی دامەزراندن، هەربۆیە ڕۆڵەکەی لە ڕۆلێکی سیاسی یەکلاکەرەوە بەرەو جۆرێک لە گەرمکەری سرووتی ئایینی دەچێت، بە تایبەتی سەبارەت بە قەیرانە جەوهەرییەکانی خۆی، حەماس و گوتاری ناعەقڵانی ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن.

### ٢ –٢: گوتاری مافی مرۆڤ: مرۆڤی لێقەوماوی ناسیاسی

خەبات بۆ بەدیهێنانی ئازادی مافەکانی مرۆڤ، کە بەشێکە لە مێژووی سیاسی و گەشەی هزری فەلسەفی لە ئەورووپا بەتایبەتی خەباتی ئازادیخوازی و شۆڕشگێڕی خەڵک لە سەدەی نۆزدە دژی ستەمکاری و چەوساندنەوەی چینایەتی (Douzinas, 2008, 40.). پێویستە جیابکرێتەوە لە "گوتاری مافی مرۆڤ" کە لە چەندین ئاستدا هەڵگری کێشە و پارادۆکسی بونیادییە، چونکە گوتارەکە لە ڕووی فۆرمەوە لەلایەک دەوڵەت بە سەرچاوەی دانپیانان و پاراستنی مافە یونیڤێرساڵەکان دەزانێت، لە لایەکی تریشەوە نەتەوە بنەڕەتەکەیەتی و مرۆڤ بە مانایەکی زۆر دیاریکراو و لە ڕەوشێکی ئاوارتە دا وێنا دەکات (Arendt, 1979, 223).

هەر بۆیە گوتاری گەردوونی مافی مرۆڤ وەک گوتاری زاڵی بەجیهانیکردنی ئابووری لیبراڵ بە تایبەتی سەبارەت بە دەرەوەی خۆی، هەمیشە وەک جۆرێک لە پێناسەی سیاسی بۆ پرۆژەکانی خراوەتەڕوو و لە سەردەمی هاوچەرخدا بووە بە بەشێک لە پرۆژەی ڕۆژئاوا بۆ دژایەتی حکومەتە ستەمکارییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم گوتارە وەک پەیامی مێژوویی مۆدێرنە، بەردەوام لەلایەن بیرمەندانی هزری سیاسی کەوتووەتەبەر ڕەخنە، هەروەک لای ئارێنت و ئاگامبێن و بنیامین دەردەکەوێت، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ژێر سێبەری تێزەکانی شمیت دابوونە. کاریگەری شمیت لەسەر گوتاری یونیڤێرساڵی مافی مرۆڤ لەسەر دوو ئاست دا جێگەی هەڵوێستەیە، لە سەر ئاستی گومانکردن لە گەردوونی بوونی ئەو مافانە و لە ئاستی تێگەیشتن لە جەوهەری یەکسانی «چونکە لە بنەڕەتدا لایەنگری تایبەتە لەبەرانبەر گەردوونی و یونیڤێرساڵ دا و پێیوایە یەکسانی تاکەکان تەنیا لە کۆمەڵگایەکی سیاسی دا دەبێت کە بە شێوەیەکی دەستکرد دروستکراوە» (Tariq, 2023, 145). لێرەوە جارێکی تر کێشەی تێگەیشتن لە سیاسەت و دەوڵەت لە پەیوەندی لەگەڵ شەرعیەت و سەروەری بۆ یەکانگیری کۆمەڵگا دێنێتەپێش.

### ١–٢–٢: مرۆڤی پەراوێز و دەرە سیاسەت

–ژێرخانی دەوڵەتی مۆدێرن لە بنەڕەتدا هەوڵی یەکڕەنگ کردن دەدات بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی یەکانگیر، بەڵام هەمیشە لە هەناوی ئەم سیستەمە بەشێکی گەورەی کۆمەڵگا وەک زیادە یان بێگانە خراوەتە دەرەوەی سیستەمی سیاسی–یاسایی و لە هەموو مافێک داماڵران و تەنانەت وەک هەڕەشە بۆ سەر یەکێتی کۆمەڵگا و ئاسایشی جیهانی سەیریان کراوە. بۆ چارەسەر کردن ئەم گرفتە بونیادییە دەوڵەت هەوڵی داوە چەمکی مافی گەردوونی مرۆڤ بێنێتە پێش، بەڵام لەراستی دا ئەمە بووە بە گوتارێک بۆ جۆرێکی تایبەت لە مرۆڤ کە سیستەمەکە ناتوانێ قبوڵیان بکات. لە سەرەتای سەدەی بیستەم گروپ و خەڵکانی بێدەوڵەت و «کەمینەکانminority بوون بە پاشماوە و زیادەی پەراوێزی دەوڵەتی مۆدێرن» (آرنت، ١٣٩٢، ٢١٥–٢١٦). سەرەرای بانگەشەکانی ڕۆشنگەری و مۆدێرنە، وەک دیاردەیەکی تازە کەوتنە دۆخی بێ مافی Rightlessness، واتە ئەو کەسانەی کە لە هەموو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی–سیاسی دابڕابوون و پەیوەستکرابوون بە کێشەی بێ دەوڵەتییەوە statelessness و ئەمانە تەنانەت لەو مافانەش داماڵران

که له هزری لیبراڵ دا به مافی وجودی و بنەڕەتی مرۆڤ دادەنران که دەکەوتنە پێش دروستبوونی سیستەمی سیاسی و دەوڵەت و هەر بۆیە « کەوتنە ژێر باری یاسای ئاوارتەی (الاستثناء) پەیماننامەی کەمینەکان که زۆربەی دەوڵەتەکان بە ناچاری واژۆیان کردبوو و هەرگیز وەک یاسـا دانیان پێدانەنا» (هەمان، ٢١٤-٢٢٠). ئەمە بنەمای سـەرهەڵدانی گوتاری مافی مرۆڤە که سەرەڕای بانگەشەی گەردوونی بوون، بەڵام لە راستی دا بۆ توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگایە و لە رەوشـێکی ئاوارتەش دا. شـمیت ئەمە رەد دەکاتەوە و پێیوایە پێوەری ئەخلاقی هەمەکی و یونیڤێرسـال لە ئارادا نییە و مرۆڤگەرایی لە راسـتیدا گوتارێکی روکەشـە و دەبێتە هۆی بەناسـیاسـیکردن. (Tariq, 2023, 146) چونکە ئەوان بێ پێگەن و پاراسـتنی مرۆڤ تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتی هاوولاتیبوون دا بەدی دێت و لەوێدا مرۆڤ دەبێت بە بوونەوەرێکی سـیاسـی (فغفوری آذر، ٢٠١٩). لە دەرەوەی ئەمە وەک زیادە و پاشـەڕۆ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت (أرنت، ٢٠٢٠، ٢٢٥). ئەمەش دەبێتە سەرەتای کۆتایی گوتاری مافی جەوهەری مرۆڤ که بانگەشەی ئەوەی دەکرد، ئەم مافانە بەشێکن لە مرۆڤایەتی مرۆڤ و ناشێت لە مرۆڤ بسێنرێنەوە.

**٢-٢-٢: مافی ئەبستراکت و مرۆڤی ناسیاسی**

ئیدموند بێرک (١٧٢٩-١٧٩٧) پێیوابوو راگەیاندنی مافی مرۆڤی فەرەنسی که لەسەر بنەمایەکی "ئەبستراکتی میتافیزیکی" دامەزراوە، هێزێکی سۆزداری تەواوی نییە بۆ دروستکردنی ئیلتزام (هانت، ٢٠١٦، ١٤٦). هەر بۆیە «پارادۆکسی ئەم بیرۆکەیە ئەوەیە ئەم مرۆڤە لە هیچ جێگەیەک بوونی نییە». (آگامبن، ١٣٩٢، ٢٤٣) ئەوەی ئەم هێزە دروست دەکات دەوڵەتە و گەردوونیەتی نێو گوتارەکە بانگەشەی یەکسان بوونی نیوان مرۆڤەکان دەکات که بە بڕوای شمیت لە ناواخن بەتاڵە چونکە پێیوایە کە چەمکی یەکسانی نێوان مرۆڤەکانی هزری لیبراڵ، یەکسانی لە جەوهەری خۆیدا بەتاڵ دەکاتەوە، و یەکسانی گرنگ و بایەخدارە لە رووی سیاسییەوە تەنیا کاتێ جەوهەری هەبێت (Schmitt, 1985, 9). واتە دژی ئەو تێگەیشتنەدا که بانگەشەی ئەوە دەکات که مرۆڤ رەهەندێکی گەردوونی هەیە و سەرچاوەی یاسایە، چونکە پرۆسەی رۆشنگەری تێپەڕاندووە بە مانا کانتییەکەی و گەیشتووەتە قۆناغی پێگەیشتوویی، ئەوە جگە لەوەی که ئەم بیرۆکەیەش هاوتەریب لەگەڵیدا دێت که مرۆڤەکان تەنانەت لە ناو دەوڵەتەکانی خۆشیاندا پارێزراو نین.

بەم جۆرە یەکێک لە ئیشـکالیەتەکانی ئەم گوتارە ئەو وێنە ناسـیاسـییەیە که بۆ مرۆڤ دروسـتی دەکات و دەیگۆڕێت بۆ فۆرمێکی ئایدیالی بەتاڵ، هەر بۆیە پرەنسـیپێکی هەمەکیتر سـەرهەڵدەدات که دەبێتە بنەمای پێناسـەکردنی مرۆڤ، ئەویش مافی هەبوونی مافەکانە the Rights to have Rights وەک پێشـمەرجێکی سـیاسـی-یاسـایی، چونکە دابڕاندنی مرۆڤ لە کۆمەڵگای سیاسـی بە مانای دابڕاندنیەتی لە مافەکانی. (فغفوری آذر، سـەرچاوەی پێشـوو) کەواتە بێ بەشـکردنی مرۆڤ لە بابەتی ماف و لە هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایتی-سیاسییەکان، دەبێت بە بابەتی ئەم گوتارە و لەڕاستیدا، ئایدیای جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ پێویستە لە سـەر وێنای مرۆڤ وەک ئەندامی کۆمەڵگایەکی سیاسی دابمەزرێت. رووتبوونی ئەبسـتراکتی "مرۆڤ" هیچ نییە جگە لە گەورەترین هەڕەشـە لەسـەر مرۆڤ، واتە مرۆڤێک که هەموو تایبەتمەندییە سیاسییەکانی لەدەست دابێت. لێرەشەوە بابەتی مرۆڤە ستەمدیدەکان و پاڵەوانە رزگاریخوازەکان دەردەکەوێت و دەبێتە بـابەتێکی بە پێزی میدیـایی و دەتوانرێت «لە چوارچێوەی فیگەری ئـایدیـالی قوربـانی the figure of ideal victim شی بکرێتەوە» (Nils, 1987, 18). شمیت جەخت دەکاتەوە که «ناتوانین بواری سیاسی دابماڵین لە پێناو یەکسـانی گەردوونی مرۆڤ» (Schmitt, 1985, 11). یەکسـانییەک که دەرفەتی نایەکسـانی لەناو دەبات، یەکسـانیەک که مرۆڤ بەشـێوەیەکی رەسـەن خاوەنی نییە و ئەوەش که مرۆڤ هیچ کاتێ لە دەسـتی نادات، یەکسانییەکی بێ بەها و بێ مانایە (Schmitt, 2008, 258). کەواتە ئەگەر مافی مرۆڤ هەمەکی و یونیڤێرساڵە، نابێ بکەوێتە دەرەوەی دەوڵەت، چونکە دەوڵەت لەناو جیهاندا نوێنەرایەتی مافەکان دەکات و ئەگەر بکەوێتە ناو دەوڵەتیش ئەوا هەندەکی و تایبەتە، ئەم گوتارە دەبێتە گوتاری لاهوتی مرۆڤی قوربانی نەک سیاسی.

**٣-٢-٢: مرۆڤ لەبەردەم رەحمەتدا**

لەدوای هاتنەئارای سیستەمی نوێی جیهانی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، گوتاری مافی مرۆڤ و بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و بە دیموکراسیکردنی وڵاتانی دواکەوتوو بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بوو بە بەشێک لە گوتاری زاڵی سیستەمی نوێی جیهانی و لە راستیدا تەنانەت لە ناوەرۆکە رۆشنگەرییەکەشی بەتاڵ کرایەوە و تەنیا رەهەندێکی ئامرازی وەرگرت. هەر بۆیە هەر وەک رانسیەر دەڵێت: «لە پشت ئایدیۆلۆژیای مافی مرۆڤ ئەوەی هەیە، گۆڕانی چەمکی "مرۆڤ"ە human وەک سوبێکتی خەباتی ئازادی و یەکسانیخوازی بۆ چەمکێکی ئەخلاقی لێڵ و ناڕوونی "مرۆڤایەتی" humanity دوای ئەویش بۆ چەمکی "مرۆڤدۆستانە" humanitarian وەک ئامرازێک بۆ دەستێوەردان» (رانسییر، ٢٠١٢، ٢٧٤).

شمیت پێیوایە ئایدیای سیاسی لە سەر بنەمای پێشگریمانە سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ دامەزراوە کە دەبێ قبوڵی بکەین بە پێچەوانەی دیدی لیبرالیزم شەرەنگێزە. (قورچی و، ١٣٩٩، ٣٠) و مافی مرۆڤ وەک بنەڕەتیترین ئایدیای لیبرالیزم هەڵدەوەشێنێتەوە کە بیرۆکەی "رادەی" یاسا لە میانی خستنەڕووی ئایدیای باشی مرۆڤ لە رێسای باڵادەست بەسەر "هاووڵاتیان " بەرەو " هەمووان یەکسانن" پەرە پێدەدات. (سیدفاطمی و حاجی عرب، ١٣٧٩، ٨٥). ئەمەش پەیوەستە بەو دیدگایەی شمیت کە پێیوایە یەکسانی گەردوونی جۆرێکی دیاریکراوی لیبرالیزمە و فۆرمێک لە فۆرمەکانی ئەخلاقیاتی مرۆڤگەرایی و روانین لە جیهانە (Schmitt, 198513). ئەم روانینەش واتە ئەندامبوون لە دەوڵەت و دەوڵەتیش واتە یەکەیەکی تایبەت لە ناو جیهاندا نەک دەوڵەتی جیهانی و لەبەر ئەوەی «دەوڵەتی جیهانی کە هەموو مرۆڤایەتی لەخۆ بگرێت لەئارادا نییە، دونیای سیاسەت سەد پارچەیە نەک یەکپارچە» (اشمیت، ١٣٩٢، ٧٧-٧٨). ئەوە جگە لەوەی جیاوازی هەیە لە نێوان مافی مرۆڤی جیهانی واتە ئەوەی لە پەیماننامە و رێککەتنە نێودەوڵەتییەکان دەنووسرێت و مافی مرۆڤی سیاسی واتە هاووڵاتی، هەر وەک بالیبار ئاماژەی بۆ دەکات «چەمکی مرۆڤ لەلایەن هاووڵاتیەوە دروست دەکرێت، نەک مرۆڤ چەمکی هاووڵاتی دروست بکات» (بالیبار، ٢٠١٢ ). هاووڵاتیش تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتدا مانای تایبەتی خۆی وەردەگرێت لەسیستەمی سیاسیدا. کەواتە گومانگەراکان لەمەڕ دیموکراسی پێیانوایە پێوەری گشتیبوون و ئەبستراکتبوونی مافەکانی مرۆڤ و بانگەشەی یونیڤێرساڵبوون و زاڵکردنی بەسەر سیستەمە دیموکراسییەتە تایبەتییەکاندا کێشەیە، هەر بۆیە هاوڕان لەگەڵ شمیت کە «مافی مرۆڤ سیاسەت لە ژیانی کۆمەڵگا دەسرێتەوە، چونکە سەروەری و یەکانگیری نەتەوەیی لەناودەبات» (الکشو، ٢٠١٨، ١٤٤-١٤٦) و پرۆسەی بەردەوامی بەناسیاسیکرد، مژدەی دەوڵەتێکی کۆمەڵگا ئاسا دەدات کە بە دیوە ئابوورییەکەی سیستەمێکی ئابووری-تەکنیکی و ئاڵووێری ئامادەیی هەیە و بە دیوە ئەخلاقی-عقڵانیەکەشی تێگەیشتنێکی ئایدیۆلۆژی بۆ مرۆڤایەتی لە ئارادایە (اوربک، ١٣٩٣، ١٦٣).

بەم جۆرە ناوەرۆکی گوتاری مافی مرۆڤە، کە لەراستیدا بابەتی خۆی لە خەڵکانی وڵاتانی باڵادەست نادۆزێتەوە، بەڵکو ئاوارە و پەنابەر و دەرکراو و قوربانیان جەنگ دەبنە ماددەی ئەم مافانە کە دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی یاسایی-سیاسیی، هەر بۆیە ئەم مافە تەنیا وەک دروشم دەمێنێتەوە و هەرگیز پیادە نابێت. هەر بۆیە هەژاری و نەهامەتی و نەخۆشی و برسییەتی لە رەهەندە سیاسییەکانی دادەماڵرێت و لە ڕێگای گێرانەوەیەکی ئایدیۆلۆژیەوە وەک بەشێک لە قەدەری مرۆڤ وێنا دەکرێت و هەندێ جار هەژاری وەک ڕێگای رزگاری بەمانا دینییەکەی دەبینرێت و لێرە هیچ چالاکییەکی سیاسی پێویست نییە، ئەوەی گرنگە خێر و سەدەقەیە (ژیژک،١٣٩٢، ١٣٠-١٣١). ئەمەش واتە "دروستکردنی ئایدیۆلۆژیانەی سوبێکتی ئایدیالی قوربانی" ئەم کەسە سوبێکتێکی سیاسی نییە کە بەرنامەیەکی دیاریکراوی هەبێت، بەڵکو خودێکی ستەمدیدە و بێکەسە کە لەگەڵ هەموو ستەملێکراوەکانی تر هاودەردە و تەنیا بە دەستی هێزێکی دەرەکی خێرخواز دەگەن بە ئاشتی و هێزی دەرەکی بە کارەساتی مرۆیی پێشی کارەساتی مرۆیی دەگرێت. کەواتە "گوتاری مافی مرۆڤ" یان مرۆڤگەرایی لیبرالیزمە دەبێت بە پنتی هەڵاواردن و جیاکردنەوە، بە تایبەتی سەبارەت بە "مرۆڤی لێقەوماو"ی ناوچە کارەساتبار و قەیراناوییەکانی جیهان وەک دارفۆر و ئەفغانستان و سوریا و عێراق و هتد، کە دەبێتە نموونەی باڵای ئەویتری خێرخوازی باڵادەست. بەم جۆرە سیاسەتی مرۆڤگەرایانەی لاهوتی "مافی مرۆڤ" وەک ئایدیۆلۆژیایەکە کە خزمەتی پرۆژەیەکی سیاسی-ئابووری دیاریکراو دەکات و دەستێوەردان لە

راستی دا دژە سیاسەتی مرۆڤگەرایانەیە و ئامانجەکەی پێشگرتنە لە سەرهەڵدانی گۆڕانی سیاسی-کۆمەڵایەتی. هەر بۆیە سەیر دەکەین رەوتی بە دیموکراسیکردنی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرەنجامی پێچەوانەی لێکەوتووەتەوە و ئەمریکا ناچاربووە لەگەڵ رێکخراوی تالیبان رێککبکەوێت و «توندڕەوی تیرۆریستی بەرفراوانتر بووە و زیاتر هەڕەشە لە ئاسایشی جیهانی دەکات» (ویسی، ٢٠٢٥، ١٣٥). هاوتەریب لە ئاستی زلهێزەکاندا، تەکنەلۆژیای سەربازی ویستی لەپەلوپۆخستن و داگیرکردن تاڕادەی ئیفلیج کردن وای کردووە کە میگا- کارەسات یان وێرانکاری تا رادەی سفر ببێت بە بەشێک لە ستراتیژی جەنگ هەر وەک لە سوریا و موسڵ و غەززە دەبینرێت. هەربۆیە شمیت مافی مرۆڤ و تاوانی دژە مرۆڤایەتی رەد دەکاتەوە، چونکە پێیوایە زەرق وبەرقی ئەخلاقیانەی سیاسەتی زلهێزەکانە (Benhabib, 2002, 700).

کەواتە کاتێ تاک لە ئاستی تاکدایە وەک هەبوویەکی سەربەخۆی دانپیانراو ئەوا ئەوکات مرۆڤبوونی ماناکانی خۆی وەردەگرێت، نەک رووتکردنەوەی مرۆڤ لە هەموو پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی و داڕشتنەوەی بەو جۆرەی ئایدیۆلۆژیای قوربانیسازی دەیەوێت، مرۆڤێک دەست بدات بۆ بەزەیی پێداهاتنەوە یان ماددەیەکی تەلەڤزیۆنی یان دەستێوەردانێکی سیاسی. بەم چەشنە گوتاری مافی مرۆڤ وەک مافی مرۆڤی قوربانی بە مانای دابڕینیەتی لە چەمکی هاووڵاتی وەک چەمکێکی سیاسی، هەر بۆیە فۆڕمێکی جیهانی بەناسیاسیکردنە و هەر هەولێک بۆ پەرچەکرداری مرۆڤی لێقەوماوی ژێر گوتاری مافی مرۆڤ وەک یاخیبوون و تیرۆر و هەڵگەڕانەوە راڤە دەکرێت کە نابێ بنەماکانی گەمەکە تێکبدات و تەنیا دەبێ چاوی لە رەحمەتی زلهێزەکان بێت.

### ٣-٢: خۆپێشاندان: لاهوتی بەئاپۆڕاکراو

#### ١-٣-٢: بڕیار

یەکێکی تر لەو چەمکانەی کراوە بە کرۆکی هزری دیموکراسی و سیاسەتی مۆدێرن "خۆپێشاندان"ە، کە وا پێشاندەدرێت رێگەیەکی مەدەنی و ئاشتیانەی سیاسییە، بۆ گوشار دروستکردن لە سەر بڕیاری سیاسی. بەڵام هەر بەپێی میتۆدی شمیت، ئەمە نەک هەر ناتوانێ کاریگەری لەسەر بڕیاری یەکلاکەرەوەی سیاسی دابنێت، بەڵکو وەک جۆرێک لە سرووتی ئایینی و هەوڵدان بۆ ئاسوودەکرادنی ویژدان و "نوێژەبارانەی سیاسی"یە کە مرۆڤی مۆدێرن بۆ خۆدەربازکردن لە بەرپرسیارێتی سیاسەتی رەسەن بەکاریدەهێنێت و جەماوەر لە پاڵ یەکدی و بە هوتاف و دروشم وتنەوە، دەیانەوێ ئەکتێکی سیاسی بنوێنن کە لەڕاستی دا زڕە سیاسەتە. شمیت دەڵێت: «فۆڕمی سروشتی دەرکەوتنی راستەوخۆی ئیرادەی خەڵک وێنەیەکە لە هاوڕێیی یان نکۆڵی جەماوەرێکی تێکچراو: واتە چەپڵەلێدان و هوتاف کێشان، لە دەوڵەتە گەورە و مۆدێرنەکاندا، چەپڵەلیدان و هوتاف کێشان کە تەنیا ئاشکرابوونی سروشتیی و پێویستی خەڵکە، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و خۆی لە قاڵبی رای خەڵک دا بەرجەستە کردووە، بەڵام خەڵک لە راستی دا تەنیا دەتوانیت بڵێ "بەڵێ" یان "نەخێر" (Schmitt, (2008, 84). شمیت وەک حاڵەتێکی ئەرێنی ئەمە دەخاتەڕوو بەتایبەتی لەبەرانبەر سەروەری خاوەن بڕیار، بەڵام لە راستیدا ئەوەمە پاڕادۆکسی جەوهەری دیموکراسی و چوونە دەرەوەی خەڵکە لە بازنەی سیاسەت بە تایبەتی ئەگەر لە بەرانبەر چەمکی "بڕیار" و "بواری سیاسی" پێوانەی بکەین.

خۆپێشاندان وەک خرۆشانێکی جەماوەری گەورە، لە بنەڕەتدا لەسەر ئەوە پرەنسیپە دامەزراوە کە جگە لە هەڵبژاردن، ئەم جوڵەیەش دەتوانێ سەرچاوەی سەرەکی شەرعیەت بیری دەسەڵاتی سیاسی بخاتەوە و راستەوخۆ ئاگاداری بکاتەوە کە ویستێکی هەنووکەیی هەیە، سەرەڕای ئەوەی شمیت وەک دەرکەوتەی دیموکراسی و رای راستەقینەی گەل دەیخاتە بەرانبەر "نوێنەرەکان" و دەیەوێت لە رێگەی ڕەخنە لە دیموکراسی لیبراڵی، دیاردەی خۆپیشاندانە گشتییەکان وەک نیشانەیەک لە قەیرانی سیستەمی پەرلەمانی پێشان بدات چونکە، دەربڕی ناکۆکی بنەڕەتی دیموکراسی لیبراڵە لە نێوان دوو بنەمای پێچەوانەدا: دیموکراسی و لیبرالیزم. دیموکراسی لەسەر ئیرادەی ڕاستەوخۆی گەل و یەکڕەنگی دامەزراوە، بەڵام لیبرالیزم لەسەر گفتوگۆی عەقڵانی و فرەیی و ناوەندگیری دەزگاکان. بەڵام پێیوایە لیژنە حزبیەکان بڕیارەکانیان لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە دەدەن و چارەنووسی ملیۆنان خەڵک دیاری دەکەن، رەخنە لەو روانگەیە دەگرێ کە هێشتا

خەڵکانێک باوەڕیان وایە یاسای دادپەروەر و سیاسەتی دروست دەتوانرێت لە ڕێگەی وتارەکانی ڕۆژنامە، وتارەکانی خۆپیشاندانەکان، و مشتومڕەکانی پەرلەمانەوە بەدەست بهێنرێت (Schmitt, 1985, 50).

بەڵام ئێستا ئیدی خۆپیشاندان ئەو بەهایەی نەماوە، یان کاریگەری لەسەر بڕیار نییە، یان دەسەڵات کۆنترۆڵی دەکات و دواجار توندوتیژی بەکاردەهێنێت. یان لە باشترین حاڵەتدا «ویستی گەل کۆنترۆڵکراوە لە ڕێگەی "هێزی سەربازی و سیاسی، پڕوپاگەندە، ڕۆژنامەوە، پەروەردە» (Schmitt, 1985, 29). خۆپیشاندانە گشتییەکان لە چاوی شمیتەوە دەربڕینێکی ڕاستەوخۆن لە ئیرادەی گەل کە لە میکانیزمە پەرلەمانییە نەریتییەکان تێدەپەڕێت. ئەم دیاردەیە ئاماژە بە شکستی پەرلەمان دەکات لە نوێنەرایەتی کردنی ڕاستەقینەی گەل و دەربڕی ئارەزووی خەڵکە بۆ دەربڕینی ڕاستەوخۆی ئیرادەی سیاسییان بەبێ ناوەندگیری نوخبەی پەرلەمانی. بەڵام ئەگەر لە تێزی شمیت بۆ خۆپیشاندان وردبینەوە تەنانەت بەمانا یاساییەکەشی کە جۆرێکە لە هەڵپەساردنی ژیانی گشتییە، لە راستیدا هەوڵێکی دەسەڵاتە بۆ دروستکردنی "ئاوارتەی ئاوەژوو"، واتە بوارێکی دەرەیاسا کە دەوڵەت توانای ئاراستەکردنی هەیە، چونکە هەر بەپێی تیۆری ئەو «ئاوارتە هەموو شتێک دەستنیشان دەکات» (آگامبن، ١٣٩٢، ٤٦). ئاوارتە گرنگترە لە ڕێسا چونکە ڕێسا لە ئاوارتەوە سەرچاوە دەگرێت، ئاوارتە واتە دۆخی ئەوپەڕی پێویست وەک جەنگ و خۆبەدەستەوەدان (شمیت، ٢٠١٨، ٢٧-٣١).

هەوڵدان بۆ بەزاندنی سنووری "بڕیار" لەگەڵ بنەمای دەوڵەتی بەهێز ناکۆکە چونکە هەر وەک شمیت داکۆکی لێدەکات و دەیەوێت لە ڕوانگەیەکی نەتەوەگەراییەوە، بە وەرچەرخان لە "سەقامگیرکردنی چاکە یان خۆشگوزەرانی گشتی" بەرەو "پاراستنی ئاسایش و شوناسسازی" ببات، ڕەوشێک جەمسەرگیرییەکی بنبڕ بێنێتەئارا بۆ ڕێکخستنی گروپ و هەیکەلی سیاسی و سەقامگیری (سید فاطمی و حاجی عرب، ١٣٧٩، ٦٨). هەر بۆیە دەسەڵاتی سیاسی لە پێناو ئەو ئامانجە و ئەگەر هەست بکات "شوێنگەی بڕیار" کەوتووەتە مەترسی ئەوا توندوتیژی بەکار دێنێت، ئەوە لەهەموو دەوڵەتەکاندا بەرچاو دەکەوێت و "خۆپیشاندان" تەنیا وەک گەمەیەکی جەماوەری قبوڵ دەکات، هەر وەک لە ڕاپۆرتەکاندا ئاماژەی بۆ دەکرێت ئەو ڕێگایەی کە پۆلیس و دەزگاکانی دەوڵەت لەگەڵ خۆپیشاندەران دەیگرنەبەر، تەنانەت لە وڵاتە زۆر پێشکەوتووەکان، ڕەهەندێکی سەربازی زۆر زیاتری وەرگرتووە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەک (العفو الدولية، ٢٠٢٥).

هەروەک شمیت ئاماژەی بۆ کردووە، ڕەگی لاهوت لە قوڵایی مێژووی هزری مرۆیی دایە بە فۆرمی جیا جیا، بەڵام لاهوتی سیاسی مۆدێرن کاریگەرییەکەی دەچێت ناو وردەکاری ژیان و دەڵێت: لەنێوان لاهوتی شاعیرەکان و ئەفسانەی خورافی کە پەیوەستە بە شانۆوە، لە لاهوتی سروشتی (ماددی) تایبەت بە فەیلەسووفەکان کە پەیوەستە بە جیهانەوە و لاهوتی سیاسی کە پەیوەستە بە دەوڵەت شار (polis) یۆنانی یان شاری (Urbs) لاتینی ئەم لاهوتە سیاسییە پەیوەستە بە نامووس (nomos) و پانتایی گشتی دروست دەکات، لە میانی پەرستنی خواوەندەکان و سرووتی قوربانی و کەرنەڤاڵەکان. ئیدی ئەمڕۆ کاتێ خۆپیشاندنی میلیۆنی ڕێکدەخرێت، دەبێت بە کەرنەڤاڵێک کە لە سیاسەت خاڵی دەکرێتەوە، چونکە "خاوەن بڕیار" هیچ بۆشاییەکی بۆ کاریگەری نەهێشتووەتەوە، هەربۆیە ئەستەمە خۆپیشاندان و یاخیبوونی مەدەنی و بگۆڕێن بۆ ڕەوشی ئاوارتە. سیستەم چاوەڕوان دەکات جوڵەی شەقام بگاتە لێواری ئاوارتە بۆ ئەوەی توندوتیژی بەکاربێنێت. ئەوە جگە لەوەی سیستەم خۆی سنووری ئەم کردەیە دیاری دەکات و دووبارە دەیخاتە ناو یاسا، هەر بۆیە کردەی سیاسی نین و دەوڵەت هیچ کاتێ بۆشایی خۆپیشاندان ومانگرتن بە بەتاڵی جێناهێڵێت وەک ئاوارتەیەکی دەرە -سیستەم، چونکە نەبوونی ئاوارتەی بەیاساییکراو مەترسی لەسەر وجودی دەوڵەت دروستدەکات.

### ٢-٣-٢: نوزەی خۆپیشاندان: سەدان هەزار کەس لەسەر شەقام

لەگەڵ بەهاری عەرەبی لە ساڵی ٢٠٠٩ و پەرەسەندنی خۆپیشاندانی ئاشتیانەی مەدەنی لە زۆربەی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکانەدا، دەرکەوت کە ئەم ڕێگەیە لەبەرانبەر سیستەمە تۆتالیتار و ستەمکارییەکان دا، ناتوانێت ئامانجەکانی بەدیبهێنێت، کە لە بەشێکی زۆریان دا دروشمی سەرەکی خۆپیشاندانەکان بریتی بوو لە " گەل دەیەوێت سیستەم بروخێنێ" کە لە راستیدا بەمانای «گۆڕینی ریشەیی سیستەمی هەنووکەیی و دەسەڵاتی زاڵ و هەموو سیما و ڕەفتارەکانی بوو»

(بن العيد، ٢٠٢٠، ٣٠٨) هەربۆیە، میسر و ئێران و تونس لەناو بازنەیەکی خۆدووبارەکردنەوە دا سورپایەوە و لە لیبیا و سوریا گەیشتە دوا ڕادەی توندوتیژی و جەنگی ناوخۆیی.

لە رۆژئاوا رەوشەکە بەجۆرێکی ترە کە هێمایە بۆ کۆتایی هاتنی خۆپێشاندان وەک ئەکتێکی سیاسی و لەوێدا لەلایەک «ململانێی نێوان خواستی عەلمانی و خستنەڕووی بازاڕی ئایینداری لە ژێر کاریگەری گۆڕانی ئابووری و بازاڕی نیبولیبراڵ دایە» (نورس وانغلهارت، ٢٠١٨، ١٨٦) و لە لایەکی دیکەوە سیستەمی بیرۆکراسی وەک هەمەکێکی یەکگرتوو، بۆشاییەکانی بڕیاری لەدەرەوەی خۆی پڕکردووەتەوە، بە جۆرێک جوڵە جەماوەرییەکان ناتوانن "بڕیاری یەکلاکەرەوەی سیاسی" بگۆڕن یان دروست بکەن.

بۆ نموونە هەزاران کەس لە چەندین شاری جیهان بۆ راگرتنی جەنگی نێوان رووسیا و ئۆکرانیا خۆپێشاندانیان کرد، لە فەرەنسا زیاتر لە ٤٠ هەزار کەس لە ١١٩ شار و شارۆچکە، لە ناوەڕاستی لەندن سەدان کەس و لە زویریخی سویسرا دەیان هەزار کەس کە خۆی لە ٤٠ هەزار کەس دەدا و لە ژێر ناوی "ئاشتی لە ئێستا دا". لە ئەڵمانیا نزیکەی ٥٠ هەزار کەس، لە رۆما دژی "رووسیا و ناتۆ پێکەوە" و لە نیۆیۆرک دژی رووسیا چەند هەزار کەس (الجزیرة، ٢٠٢٤). لە ئیسپانیا هەزاران کەس کە نزیکەی ٤٥٠٠ کەسی لە بەرشلۆنە لەبەرانبەر جەنگی رووسیا دژی ئۆکرانیا (الیوم السابع، ٢٠٢٤) .لە برۆکسل ٥ هەزار کەس بۆ داکۆکی لە ئۆکرانیا و لە ئەڵمانیا نزیکەی ٥ هەزار کەس بەشداری خۆپێشاندان بوونە (Dw,2022) لە سیدنی ئوسترالیا و لە تۆکیۆی ژاپۆن بە سەدان کەس بۆ داکۆکی لە ئۆکرانیا رژاونەتە سەر شەقام (الحرة، ٢٠٢٢). لە بەرلینی ئەڵمانا بە دروشمی "بەرگری لە ئۆکرانیا بکەن" و "ئۆکرانیا چەکدار بکەن هەر ئێستا" ١٠ هەزار کەس هاتنە سەرشەقام و لە سربیا بە سەدان کەس خۆپێشاندانیان ئەنجامداوە (الشرق الاوسط، ٢٤ فبراير، ٢٠٢٤).

خۆپێشاندان دژی جەنگی ئیسرائیل لەسەر غەززە بەشێکی زۆری زانکۆکانی ئەمریکای گرتووەتەوە، لەوانە زانکۆکانی کۆلۆمبیا و ییل و نیۆیۆرک و بیرکلی و MIT و تەنانەت پۆلیس، وانەکانیشی راگرت (BBC, 2024). لە زانکۆکانی هارڤارد و جۆرج واشنتۆن و میشیگان و ئیندیانا و زۆر زانکۆی تریش لە خۆپێشاندان و مانگرتن بەردەوام بوو ( BBC b, 2024). بەڵام شەڕ هەر بەردەوامە و هیچی لە توندوتیژی ئەو جەنگە نەگۆڕی، ئەوە دەرخەری ئەوەیە کە "بڕیار سیاسی" کەوتووەتە جێگەیەکی ئەوتو کە خۆپێشاندان ناتوانێت دەستی پێ بگات.

سەبارەت بە دۆسیەی غەززە، کە کەیسێکی مرۆیی –سیاسییە، هەزاران کەس لە لەندەن ودبلن و پاریس و ئۆتاوا، دژی جەنگی ئیسرائیل بۆسەر غەززە خۆپێشاندانیان ئەنجامداوە و داوای "هاوکاری مرۆیی"یان بۆ کەرتی غەززە کردووە، لە بەریتانیا هەزاران کەس لە ٢٥ شار و ناوچە نارەزایەتیان دەربڕی و داوای "راگرتنی چەک"یان بە ئیسرائیل کرد(gate.ahram.org,5,2024) لە پاریس قوتابیانی زانکۆ دژی "سەرکوتکردنی دەنگی ناڕەزایەتی" دژی سیاسەتی حکومەتی فەرەنسا سەبارەت بە جەنگی ئیسرائیل دژی غەززە (الجزیرة، 2024/5/4). قوتابیانی زانکۆی لەندن و زۆربەی زانکۆکانی بەریتانیا چادرگەی نارەزایەتی لە ناو حەرەمی زانکۆ دان وەک ناڕەزایەتی و پەیوەندی ژێربەژێری هەندێ لە زانکۆکان و دەوڵەتی ئیسرائیل(BBC c,2024) . لە لەندەن بە بەشداری ١٠ هەزار کە س خۆپێشاندن کراوە و ٥ هەزار گۆڕی سیمبۆلی بۆ قوربانیانی غەزە دانرا و لە واشنتۆنی پایتەخت و لە هەموو جیهان بۆ پشتیوانی لە فەڵەستین خۆپیشاندان کرا و داوای ئاگربەست کرا لە غەززە (CNN, 2024/01/14).

رەنگە ئەم ژمارەیە زۆر سەرنج رانەکێشێ و لە ئاستی کارەساتەکە نەبێت، بەڵام ئەگەر بگەرێینەوە بۆ دواوە لە ساڵی ٢٠٠٢ بەر لە هەڵگیرسانی جەنگ دژی عێراق لە زۆربەی وڵاتانی دونیا خۆپێشاندان دژی جەنگ دەستی پێکردو ناڕەزایەتی دژی جەنگی هاوپەیمان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ٦٠٠ شاری جیهان لە فیبرایری ٢٠٠٣ رێکخرا ( , BBC 2023). لە ئەوروپا بۆ نموونە لە رۆما زیاتر لە یەک ملیۆن کەس رژانە سەر شەقام، لە لەندن زیاتر لە ملیۆنێک خۆپیشاندەر هاتنە سەر جادە، لە مەدرید نزیکەی ملیۆنێک، نیو ملیۆن لە بەرلین، ٢٠٠ هەزار کەس لە پاریس (aljazeera,2003/2/16). ملیۆنێک کەس لە لەندن دژی هێرش بۆ سەر عێراق خۆپێشاندانی کرد.

ئەگەر ئەم ژمارە زۆرەی خۆپێشاندان و هاواری ملیۆنی سەر شەقام بخەینە بەرانبەر دەسەڵاتی خاوەن بڕیار، ئەو کاتە دەردەکەوێت کە ئامرازەکان و شوێنگەی بڕیاری خەڵک بەتاڵ و لەبەرانبەردا بۆ نموونە دەسەڵاتی سەرۆکوەزیرانی

بەریتانیا لە دەسەڵاتی فرانکۆی دیکتاتۆری پێشووی ئیسپانیا زیاتر بۆ بڕیاردان (کاتوزیان، ٢٠١٢). بۆمان دەرکەوێت کە جوڵەکە ڕەهەندی سیاسی نییە و زیاتر گوزارشتە لە پرسێکی ویژدانی.

بەم جۆرە بە ئابوورییکردنی سیاسەت و بەلاهوتیبوونەوەی خۆپێشاندانی ئاپۆڕای جەماوەر و کەرناڤاڵەکانی لە ڕۆژئاوا لە نێوان سرووتی دینی و توندوتیژی ماددی و ناماددی دا وەستاوە و ئەستەمە کۆمەڵگای مەدەنی بتوانێ ببێتە فشار بۆ سەر بڕیاری بنبڕی دەوڵەت و هەروەک شمیت جەختی لەسەر دەکات بنەمای دەسەڵاتی سەروەر لە ڕەوشی ئاوارتە دایە و پێویستی پاراستنی بەرژەوەندی سیستەمی سیاسی گرنگە و پێیوایە هەموو نەرێکردنێکی بەلاهوتیکردن، بریتیە لە نەفی بەسیاسیکردن و نەفی بەیاساییکردن و نەفی بەئایدیۆلۆژیکردن و نەفی بەمێژووییکردنە (شمیت، ٢٠١٨، ١٦٤). هەر بۆیە ئەوە بەتەنیا دەوڵەت دەتوانێ توانای ئەوپەڕ بەکاربێنێت و بڕیار بدات و بە پێی یاسا دانراوەکان و هەندێ جاریش وەک خوایەکی میهرەبان لێخۆشبون دەردەکات کە دەکەوێتە سەرووی یاساکان (شمیت، ٢٠١٨، ٥١). ئەمە لەسەردەمێک دا ئاڵۆزتر دەبێت کە هەر وەک ئاشکرایە «لە ڕۆژئاوا "پارە" دەسەڵاتێکی مێتافیزیکییە و لە ڕۆژهەڵاتیش "چەک و توندوتیژ" و لە هەردوو حاڵەتەکەدا "کۆمەڵگای مەدەنی" بەرەو پوکانەوەی زیاتر دەچێت، هەر بۆیە بووە بە مایەی دڵەڕاوکێ» (محمود، ٢٠٢٤، ٢٠٧). چونکە دەوڵەتی مۆدێرن بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئەگەر بڕیاردان لای حاکمە، ئەوا دەبێت "بڕیار کۆکردنەوە یان ئامادەکردنی بڕیار" لای کۆمەڵگا بێت. بەم جۆرە ڕەوشی ئاوارتە کە جێگەی موعجیزەی ئیلاهی گرتووەتەوە، و دەوڵەت لە تۆبەی تۆبەکاران و تاوانی تاوانباران خۆش دەبێت لە ڕێگەی لێبووردنی گشتی و تایبەتی. خۆپێشاندان ناتوانێت جێگەکەی پێ لەق بکات یان کاریگەری لەسەر بڕیاری یەکلاکەرەوە دابنێت چونکە حاکمی سەروەر لە هەناوی دەوڵەت دا خۆی بە ڕزگارکەری گەل دەزانێت لە هەموو قەیرانێک.

### ٣-٣-٢: بەتاڵبوونەوە لە بڕیار

شمیت لە تێزە سەرەکییەکانی خۆی گەیشتووەتە ئەو دەرەنجامەی کە تاکە ڕێگەی ڕادەربڕین ناڕەزیەتییە کە نە دەشێت ڕێکبخرێت نە دەتوانرێت بەیاسایی بکرێت (سیمون، ٢٠١٦). جێگەی خاڵی ئەو شتەی جۆرج سۆرڵ بە نەبوونی "ڕاز و نهێنی" لە دەوڵەتی مۆدێرن ناوزەدی دەکرد پەسند دەکات و دەوڵەت وەک دامەزراوەیەک کە مۆنۆپۆلی بڕیاری لەبەردەست دایە، تەنیا کاتێ دەتوانێ بەردەوام بێت کە لەرووی کولتورییەوە مانادار بێت. هەر بۆیە دەتوانرێت دەوڵەت لە چرکەساتی بڕیارێکی پەتی (بێگەرد) ببینین کە پشت بە عەقڵ و گفتوگۆ نابەستێت و پاساو بۆ خۆی ناهێنێتەوە، واتە بڕیارێک کە لە نەبوونەوە خەلق دەکرێت (شمیت، ٢٠١٨، ٧٣). ڕێک بە پێچەوانەی تێگەیشتنی لیبراڵە، پێیوایە بیرۆکەی "حوکمڕانی بە گفتوگۆ"، بیرۆکەیەکی دژە سیاسەتە و بە وردی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بیرۆکەی ئاڵۆزی بیروڕا ئامانجی ڕازیکردنی نەیارە لە ڕێگەی ئەرگۆمێنت، بۆ ئەوەی قەناعەت بە شتێک بێنێ بەو پێی ڕاستە یان دادپەروەرانەیە (Schmitt, 1985, 7). ئەوە لەکاتێک دایە جەوهەری سیاسەت جیاوازیدانانە لەگەڵیدا وەک گریمانەیەکی پێشینەیی و ئەوەی بە دەوڵەت ناوزەد دەکرێت دەبێت لە میانی "سیاسەت" پێناسە بکرێ و بناسرێت و تاکە پێوەری زانستی کە شیاوی پاسا بۆ هێنانەوە بێت ئەمرۆ پلەی چڕی پەیوەندی یان پچڕاندنی پەیوەندییە (شمیت، ٢٠١٨، ٩٣). تەنیا دەوڵەت توانای گۆڕینی دادپەروەری هەیە بۆ یاسا و حکوومەتی مەشروع ئەو حکوومەتەیە کە بڕیار دەدات کێ دوژمنە (اشمیت، ١٣٩٦، ١٢٩– ١٣٠).

ئەمە ئەو ڕاستییە کە دەوڵەتی مۆدێرنی لەسەر دامەزراوە، ڕۆژ بەڕۆژ پایەکانی بەهێزتر دەبێت شمیت بە دەستنیشانکردنی هێڵە سەرەکییەکان جەشنی ماکیاڤیللی، ڕاستی ماهیەتی سیاسەت دەردەخات و شوێنگەی ڕاستەقینەی بڕیار دەستنیسان دەکات، هەر بۆیە ئیتر فۆرمەکانی گۆشار و لەسەرووی هەموویانەوە خۆپێشاندان توانی ئەفراندنی بڕیاری نییە. ئەوە جگە لەوەی ئەم هزرە لاهوتییە کە تیۆری دەوڵەتی مۆدێرنی لەسەر بنیاتنراوە دەرکەوتە و لێکەوتەکانی شۆڕ بوونەتەوە بۆ پانتایی دەرەوەی سیستەم و لەناو خەڵکدا جۆرێک لە غەیبانییەتی سیاسی دروست کردووە، کە بەرهەمی کاریگەری واقیعی دەستکردی دەسەڵاتە لەسەر خەیاڵدانی خەڵک، چونکە سەبارەت بە پەیوەندی دوو لایەنەی

ئایدیا لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی جێگەی گومان نییە بە هەردوو دیوەکەیدا، چەمکێک ڕاستە کاتێ شوێنگە مێژوویی و سیاسیەکەی هاوتای ڕەوشی گشتی ئاگایی بێت و کاتێ ئەمەش لەگەڵ بوونیادە غەیبییەکاندا هاوجووت بێت، ئیدی سیستەم لە ئاگایی دەستەجەمعیدا دەبێت بە شتێکی ئاسایی (شمیت، ٢٠١٨، ٥٧ ).

بەم جۆرە دەبینین خۆپێشاندان کە پێشبینی دەکرا وەک بەها و نەریتێکی دیموکراتی سەنتەری بڕیار بگۆڕێت و سەرچاوەی سەروەری لە پاشا یان یەک تاکە سەرچاوەی سەروەری بگۆڕێت بۆ گەل، بووە بە سرووتێکی دینی بێ کاریگەری چونکە، دەستکاری پانتایی بڕیار ناکات و لێی نزیک نابێتەوە. چونکە هەروەک شمیت دەڵێت «هەموو بنەڕەتێکی یاسایی لەسەر بنەمای بڕیار دادەمەزرێت، نەک نۆرم»(Schmitt, 2005,10) . بڕیاری سەروەری ناچێتە ژێر ڕێسا و نۆرمەکان، چونکە لە بنەڕەتدا خۆی ڕێسا و نۆرمەکان دروست دەکات و بۆ هیچ شتێکی پێش خۆی و دەرەکی ناگەڕێتەوە، کەواتە دەوڵەت مۆنۆپۆلی سەپاندن یان حوکم نییە، بەڵکوو مۆنۆپۆلی بڕیاردانە و ئاوارتە بەشێوەیەکی ڕاشکاو جەوهەری دەسەڵاتی دەوڵەت ڕوون دەکاتەوە، لێرەدا بڕیار لەسەر ڕێسایەکی یاسایی سەر هەڵدەدات پێکناکۆکە و دەتوانین بڵێین دەسەڵات پاساو بۆ ئەوە دێنێتەوە کەوا پێویست بە پاڵپشتی یاسا ناکات لە پێناو دروستکردنی یاسا (شمیت، ٢٠١٨، ٢٩). کەواتە هێڵی نوێنەرەکان لەگەڵ خەڵک یان پچڕاوە یان بەجۆرێک بێهێز بووە ناتوانێ لە ئاستی نوێنەرایەتیدا بێت و حیزبەکانیش بوونەتە نوێنەری بەرژەوەندییە تەسکەکان نەک بەرژەوەندی گشتی. هەرچەندە «دامەزراوەی نوێنەرایەتیی، واتە ئازادی ڕێکخراو—لە ڕێگەی گفتووگۆوە دروستبووە» (Schmitt, 1985, 49). خۆپێشاندانە گشتییەکان وەک هاواری ویژدان ئیدی سەرەڕای ئەوەی گوزارشتە لە قەیرانی سیستەمەکە و بەمەرجی بەکارنەهێنانی توندوتیژی دەرفەتی وجودی هەیە، بەڵام هەرکاتێ ببێتە هەڕەشە ئەوا وەک ئاوارتە مامەڵەی لەگەڵ دا دەکرێت. ئەگەر دیموکراسی ڕاستەقینە لەسەر بنەمای یەکڕەنگی گەل و ئیرادەیەکی یەکگرتوو دامەزرابێت، ئەوا سیستەمی پەرلەمانی لیبراڵی ڕێگری لەم یەکڕەنگییە لێدەکات و بوارەکانی تری جوڵە جەماوەریش کەمترین کاریگەرییان ماوە. بەم جۆرە ئەمڕۆ خۆپێشاندانە گشتییەکان چیتر ئامرازێکی کارا نین بۆ نوێنەرایەتی ئیرادەی گەل، چونکە ناتوانن کاریگەری لەسەر سەنتەری بڕیاری یەکلاکەرەوە دابنێن، هۆکارەکەشی ئەوەیە دەبێت بکەوێتە ڕەوشی ئاوارتە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئاوارتەش لەلایەن سیستەمەوە داگیر کراوە بۆ ئەوەی بەتەواوی کۆنترۆڵی جوڵەکانی بکات، ئیدی ئەم فۆرمە لە ناڕەزایەتی خۆی لە دەرکەوتەکانی لاهوتی سیاسی و سەربونیادی ژیانی بەکۆمەڵایەتیکراوی پارچە پارچە دا دەبینێتەوە، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە دەگۆڕێت بۆ شۆڕش.

**دەرەنجام**

کارل شمیت بە وەردبوونەوە لە سیاسەت یان ئەوەی ئەو ناوی دەنێت بواری سیاسی the political وەک پێشگریمانەی دەوڵەت، پێناسەیەکی بنبڕ بۆ سیاسەت دەکێشێت وەک هێڵی جیاکردنەوەی دۆست و دوژمن، ئەمەش وەک سنوورێکی باریک کە بەتەواوی دایدەبڕێت لە پانتاییەکانی تر و خەسڵەتێکی جەوهەری تاقانەی پێدەبەخشێت. لەم سۆنگەوە هەوڵدەدات جارێکی تر و لە پێگەی ڕەخنە لە دەوڵەتی مۆدێرنی ڕۆژئاوا و نەریتی لیبراڵیزم، بەشێکی بنەڕەتی لە ئەرگۆمێنت و بانگەشەکانی بخاتە ژێر گومان و پرسیار. لە کاتێکدا دەوڵەتی مۆدێرن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لەگەڵ پرۆژەی ڕۆشنگەری و مۆدێرنیتە، دەسەڵاتی سیاسی بەعەقڵانی و بەدونیاییکردووە، شمیت بەڵگەخوازی دەکات کە ئەم دەوڵەتە نەیتوانییوە خۆی لە بنەڕەتە لاهوتیەکان دەرباز بکات و لەڕاستیدا، فۆڕمی ئەبستراکتی دەوڵەت ناتوانێ وجودی خۆی بسەلمێنێت بەبێ، لە دەرەوەی ئەو وێنایەی کە لە ئایینزای کاسۆلیک بۆ هێزی باڵای تاک و تەنیا هەیە و ئەمە دەبێتە بنەڕەتێکی میتافیزیکی و لاهوتی بەدونیاییکراو، بۆ ئەوەی پاساو بۆ شەرعیەتی هێزی دەوڵەت بێنێتەوە بۆ مۆنۆپۆلکردنی هێز و هەژموونی.

بە پێچەوانەی تێگەیشتنی هزری مۆدێرن بۆ دەوڵەتی یاسا و شەرعیەت، شمیت بواری سیاسی بە شوێنی تاقانەی "بڕیاری یەکلاکەرەوە" دەزانێت لە ڕەوشی ئاوارتە (الاستثناء)دا، و خاوەن سەروەری سنووری کارایی یاسا و هەڵپەساردنی دیاری دەکات، و هەرکاتێ شوێنگەی بڕیار بکەوێتە بەردەم هەڕەشە ئەوا وجودی دەوڵەت لە لایەن

دوژمنەوە دەکەوێتە مەترسی و هەربۆیە، سیاسەت دەبێت بە دەرکردنی بڕیار نەک گفتوگۆ. لێرەدا تێزەکانی شمیت دەکەوێتە بەرانبەر لیبرالیزم و سیستەمی نوێنەرایەتی، بە سیستەمێکی ناسیاسی و بەئابووریکراوی دەزانێت کە تێیدا، پارتە سیاسییەکان هەمەکیەتی گەل پارچە پارچە دەکەن لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی و سازش و دانوساندن دەبێت خاڵی کۆکەرەوەیان نەک چاکەی گشتی.

ئەگەر ئەو دەرەنجامانەی سەرەوە جەوهەری بواری سیاسی بێت لە تیۆری شمیتدا کە ئێمە ناومان ناوە ژێربونیادی سیاسەت کە هەم لاهوتییە و هەم گریمانە سەرەکییەکانی چەمکی سیاسەت لەچەندین ئاستدا بەکێشە دەکات و جێکەوتەکانی دەستنیشاندەکات، ئەوا وەک رەهەندی تەواوکاری هزری شمیت توێژینەوەکەمان سەربونیادیش وەک بەشێک لە پرۆسەسی بەلاهوتیکردنەوەی سیاسەت و بەناسیاسیکردن لەقەڵەم دەدات، کە لە دەوڵەتی مۆدێرن وەک بەشێکی جەوهەری و توخمی پێکهێنەری خۆی دەیانژمێرێت کە بریتین لە هەڵبژاردن و گوتاری گەردوونی مافی مرۆڤ و خۆپێشاندان. لە جیهانی هاوچەرخ تادێت هەڵبژاردن لە کرۆکی دیموکراسی کە دیمۆسە زیاتر دادەبڕێت، ئەمەش هەمە بێزاری لە دیموکراسی و هەم ناکارایی دەنگەکانی دروست کردووە، لە جیاتی نوێکردنەوە و تۆکمەکردنی شەرعیەت بووە بە سەرچاوەی مەشروعیەتی مانەوەی دەسەلات لە لایەک و تەشەنەکردنی باڵی راستڕەوی توندڕەو کە دەیەوێت سیاسەت بە کۆمەڵگایی بکات و شوناسی یەکگرتووە لە رێگەی کولتوری رەق و شەڕەنگێزی دابەش بکات. هەڵبژاردن بووە بە دەرفەتێک بۆ کڕینی وەلا و هاندانی پانتایی چێژی هاوولاتی، ئەمەش بواری سیاسی بە ئابووری کردووە و تاک لە مرۆڤێکی سیاسییەوە بووە بە بوونەوەرێکی جێژخوازی هەنووکەیی. ئەمەش لەلایەن دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە پێشوازی لێدەکرێت و بەئاراستەی بەلاهوتیکردنی ئیرادە دەچێتەپێش و جێگەی ئیرادەی گەل دەگرێتەوە. هاوکات لەگەڵ بەجیهانیبوونی لیبراڵیزمی ئابووریدا، گوتاری مافی گەردوونی مرۆڤیش وەک گوتاری مرۆڤی پەراوێزی و ناسیاسی و مافی ئەبستراکت دێتە ناو سیاسەت، بەڵام ئەم جۆرە مرۆڤە لەبەر ئەوەی دەکەوێتە دەرەوەی دەوڵەت، هەر بۆیە ناتوانێ ببێت بە بەشێک لە گەردوون، هەر بۆیە دەبێت بە بابەتێک بۆ بەزەیی و خێرپێکردن، نەک تاکێکی خاوەن مافی سیاسی کە دەتوانێ بڕیاری سیاسی بدات، هەر بۆیە ئەم گوتارە دەبێت بە گوتارێکی لاهوتی مافی سەرەتایی کە شوێنگەی خۆی نە لە دەوڵەت دا دەدۆزێتەوە نە لە جیهاندا.

خۆپێشاندان وەک بەشێک لە سەربونیاد، بووە بە سرووتێکی لاهوتی و جۆرێک لە خۆ-نیشاندان بۆ ئاسوودەکردنی ویژدان نەک ئەکتێکی سیاسی، چونکە ناتوانێ کاریگەری لەسەر شوێنگەی بڕیاری یەکلاکەرەوە دابنێت، ئەوە جگە لەوەی خۆپێشاندان و مانگرتنی سەرتاسەری ناتوانێ ببێت بە رەوشی ئاوارتە و ئاڵەنگاری دەسەلاتی سیاسی بکات، چونکە لە دەوڵەتی مۆدێرن دا ئاوارتە یاسا دادەرێژێت و سنوورەکانی دیاری دەکات و مەشروعیەتی بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی بۆ خۆی قۆرغ کردووە. هەربۆیە خۆپێشاندان ناتوانێ گۆڕانکاری ریشەیی بێنێتەئارا و دەستکاری واقیعی سیاسی بکات، چونکە خودی واقیع بەرهەمی ناوەندی سەنتەری گۆڕاوە کە سیستەم یان دەوڵەت لەهەر قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا وەک بەڵگەنەویست و لەسەر بنەڕەتێکی لاهوتی دەیئافرێنێت. کەواتە ئەگەر دەوڵەتی مۆدێرن لە دیدی شمیت نەیتوانیبێت لە بنەڕەتە لاهوتییەکان دەربازی بێت، ئەوا لە فۆڕمی هاوچەرخدا بەلاهوتیکردنەوەی سیاسەت واتە بەرفراوانکردنی پانتایی ناسیاسیبوون و بەئاپۆڕاییکردنی هەندێ سرووتی کۆمەڵایەتی دەروونی و دوورکەتنەوە لە بڕیار لەمەڕ چارەنووس.

### سەرچاوەکان:

#### عەرەبی:


- أرنت، حنة (٢٠٢٠)، ازمات الجمهورية، ت: نادرة السنوسي، ابن النديم للنشر والتوزيع و دار الروافد الثقافية-ناشرون، بيروت.
- اونفري، ميشيل (٢٠١٢)، كتاب نفي اللاهوت: فيزياء ميتافيزيقا، ت: مبارك العريسي، منشورات جمل، كولن-بغداد.
- باكونين، ميخائيل (١٩٩٢)، الاله والدولة، ت: جلال المخ، دار المعارف للطباعة والنشر، سوسة-تونس.
- تودوروف، تزفيتان (٢٠٠٧)، روح الانوار، ت: حافظ ڤويعة، دار محمد علي للنشر، تونس.

– دال، روبرت (٢٠٠٥)، الديمقراطية ونقادها، ت: نمير عباس مظفر، دار الفارس للنشر والتوزيع، بيروت.
– دايموند، لاري (٢٠١٤)، روح الديمقراطية؛ الكفاح من أجل بناء مجتمعات حرة، ت: عبد النور الخرقي، الشبكة العربية للابحاث والنشر، بيروت.
– دوريموس، اندريه (٢٠١٦)، اللاهوت السياسي عند كارل شميت، ت: احمد الصادقي، مؤمنون بلا حدود للدراسات والابحاث، الرباط.
– رانسيير، جاک (٢٠١٢)، كراهية الديمقراطية، ت: احمد احسان، التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.
– ريبروک، ديفيد فان (٢٠١٩)، ضد الانتخابات: دفاعا عن الديموقراطية، ت:ايزيس عاشور، العربي للنشر والتوزيع.
– الشاوي، منذر (٢٠١٣)، فلسفة الدولة، الذاكرة للنشر والتوزيع، ط٢، بغداد.
– فلوري، لوران (٢٠٠٨)، ماكس فيبر، ت: محمد علي مقلد، دار الكتاب الجيد المتحدة، بيروت.
– فيبر، ماكس (٢٠١١)، العلم والسياسة بوصفهما حرفة، ت: جورج كتورة، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.
– ڤيبر، ماكس (١٩٩٠)، الاخلاق البروتستانتية وروح الرأسمالية، ت: محمد علي مقلد، مركز انماء القومي، بيروت.
– شميت، كارل ( ٢٠١٧٠)، مفهوم السياسي، ت: سومر المير محمود، مدارات للابحاث والنشر، القاهرة.
– شميت، كارل (٢٠١٨)، اللاهوت السياسي، ت: رانية الساحلي وياسر الصاروط، المركز العربي للابحاث و دارسة السياسات، بيروت.
– مدكور، إبراهيم. (١٩٨٣) المعجم الفلسفي، الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميريّة، القاهرة.
– مل، جون ستيوارت (٢٠١٧)، الحكومات البرلمانية، ت: الميل الغوري، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، بيروت.
– نورس، بيبا و انغلهارت، رونالد (٢٠١٨)، مقدس وعلماني: الدين والسياسات في العالم، ت: وجيه قانصو و احمد مغربي، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، بيروت.
– نويمان، سول (٢٠٢٣)، اللاهوت السياسي: مقدمة نقدية. ابن نديم للنشر والتوزيع و دار الرافدين الثقافية–ناشرون، الشارقة.
– هابرماس، يورغن وراتسنغر، جوزيف (٢٠١٣)، جدلية العلمنة: العقل والدين، ت: حميد لشهب، جداول للنشر والترجمة والتوزيع، بيروت.
– هوبز، توماس (٢٠١١٩)، ليفياثان: اصول الطبيعية والسياسية لسلطة الدولة، ت: ديانا حرب وبشرى صعب، الكلمة ودار الفارابي، ابوظبي–بيروت.

### فارسی:

– آگامبن و كارل اشميت و ديگران (١٣٩٢)، قانون و خشونت، ويراستاران مراد فرهادپور و ديگران، ناشر فرهنگ صبا، چ ٣ تهران.
– ارسطو (١٣٥٨)، سياست، ت: حميد عنايت، شركت سهامی كتابهای جيبی، چ٣، تهران.
– اشميت، كارل (١٣٩٣)، مفهوم امر سياسی، ت: ياشار جيرانی و رسول نمازی، نشر ققنوس، تهران.
– اشميت، كارل (١٣٩٨)، رمانتيسيسم سياسی، ت: نيره توكلی، بنگاه ترجمه و نشر كتاب پارسه، تهران.
– اشميت، كارل (١٣٩٦)، نظريه پارتيزان، ت: طاهر خديو، انتشارات فلات، تهران.
– اوربک، موريس (١٣٩٣)، كارل اشميت در جستجوي امر سياسي: الهيات، تصميم گرايي و مفهوم دشمن ، له كتێبی كارل اشميت، مفهوم امر سياسی، ت: يشار جيرانی و رسول نمازی نشر ققنوس، تهران.
– ژيژک، اسلاوی (١٣٩٢)، وجه وقيح حقوق بشر، له "قانون و خشونت"، كتاب رخداد، چاپ سوم، ناشر فرهنگ صبا، تهران.
– گنو، ژان ماری (١٣٨١)، پايان دموكراسی، ت: عبد الحسين نيک گهر، نشر آگه، تهران.
– لوک، جان (١٣٩١)، رسالەی دربارەی حكومت، ت: حميد عضدانلو، نشر نی، چ٣، تهران.
– هانت، لين (٢٠١٦)، سير تاريخی ابداع حقوق بشر، آموزشكدەی انلاين توانا، ايلات متحده امريكا.
– هگل (١٣٨٥)، عقل در تاريخ، ت: حميد عنايت، چاپ ياران، چ ٣، تهران.
– وبر، ماكس (١٣٨٨)، اخلاق پروتستانی و روح سرمايەداری، ت: مرتضی ثاقب فر، نشر جامی.
– وبر، ماكس (١٣٨٢)، دين، قدرت، جامعه، ت: احمد تدين، انتشارات هرمس، تهران.

### ئینگلیزی:

- Arendt, Hannah (1979), the Origin of Totalitarianism, New York, Harcourt Brace Jovanovich.
- Benhabib, Seyla (2002), The Claims of Culture: Equality and Diversity in the Global Era. Princeton: Princeton University Press.
- Douzinas, C. (2008), the End of Human Rights: Critical legal thought at the turn of century, Oxford, Hart pub.
- Nils, Christie (1987), “the ideal victim” in from crime policy to victim policy, ed., Fattah, E. A., London, Macmillan.
- Schmitt, Carl (1985), Political Theology: Four Chapters on the Concept of Sovereignty, trans. George Schwab, Cambridge, Massachusetts, and London, The MIT Press.

- Schmitt, Carl (1985 b), The Crisis of Parliamentary Democracy., translated by Ellen Kennedy, Massachusetts: The MIT Press.

### توێژینەوەی زانستی:

### کوردی:

- ویسی، کاروان صالح (٢٠٢٥)، سیاسەتا دەرڤەیا ئەمریکا لسەردەمێ کارگێرییا بۆشێ کور هەمبەری رۆژهەلاتا ناڤین ٢٠٠١-٢٠٠٣، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، بەرگی ٢٩، ژمارە ٣. هەلێر.

### عەرەبی:

- الأحمدي، يونس (٢٠٢٣)، اللاهوت الليبرالي البروتستانتي: مفهومه وتطوره وإسهامه الإصلاحي في الفكر الديني المسيحي، تبين مجلة للدراسات الفلسفية والنظريات النقدية، فصلية محكمة تعنى بالدراسات الفلسفية والنظريات النقدية، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، العدد ٤٣، المجلد ١١، شتاء، الدوحة.

- محمود، صافي محمود (٢٠٢٤)، مجلة كلية السياسة والاقتصاد، جامعة – بني سويف، العدد الحادي والعشرون – يناير.

- ولد اباه، عبد الله السيد (٢٠١٣)، السيادة والسياسة: نظرية المشروعية والشرعية لدى كارل شميت، مجلة التفاهم، تصدر عن وزارة الاوقاف والشئون الدينية في سلطنة عمان، السنة الحادي عشرة، العدد ٣٩، شتاء .

- اقرقاش، يوسف (٢٠٢٢)، السيادة ومعضلة الديمقراطية الحديثة في فلسفة كارل شميت، دورية نماء، فصلية محكمة ومخصصة في علوم الوحي والدراسات الانسانية، العدد ١٧، خريف، بيروت.

### فارسی:

- حیدری، احمد علی و کاوندی، رضا (١٣٩٥)، الاهیات سیاسی و امر استثناء:کارل اشمیت و مسأله ی حاکمیت، نشریه فلسفه دانشگاه تهران، سال ٤٤، شماره ١، بهار و تابستان.

- سیدفاطمی، سید محمد قاری و حاجی عرب، مریم (١٣٩٧) مدل اشمیتيِ حقوق بین الملل؛ خودسازگی مفهومی و نابسندگی مبنایی، فصلنامه تحقیقات حقوقی، دانشگاه شهید بهشتی-دانشکده حقوق، تهران، شماره ٨٥.

- سینائیان، مسعود (١٤٠٠)، الهیات سیاسی: چیستی و حدود یک مسأله، مجله علمی جاویدان خرد،موسسه پژوهشی حکمت و فلسفه ایران ، وزارت علم،شماره ٤٠، ، پاییز و زمستان، تهران.

- شاهباز، حامد کشاورز (١٣٧٠)، نگاهی به رساله "مفهوم امر سیاسی" کارل اشمیت، مجله فردوسی، ماه نامەی فرهنگی سیاسی اجتماعی و ادبی، شماره ٨٨، سال نهم.

- مرداخانی، فردین (١٤٠٠)، نگهبان قانون اساسی در اندیشه کارل اشمیت، پژوهش حقوق عمومی، دانشگاه علامه طباطبایی، دوره ٢٢، شماره ٧٠، بهار .

- ملک زاده، حمید (١٣٩٨)، کارل اشمیت: مطالعەای در امر سیاسی، پژوهش نامه انتقادی متون و برنامەی علوم انسانی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال نوزدهم، شماره هفتم، مهر.

### ئینگلیزی:

- Anand, Hannah (1966) R. P., Sovereign Equality States in International Law, International Studies, 8(4).
- Norris, Andrew, (2017) A Mine That Explodes Silently: Carl Schmitt in Weimar and After, Political Theory, vol. 33, no. 6, 2005, and Schupmann, Benjamin, Carl Schmitt's State and Constitutional Theory: A Critical Analysis, Oxford: Oxford University Press.
- Tariq Rahim ( 2023), Human Rights and Carl Schmitt’s Challenge of ‘the Political, The Journal of Human Rights Semi-Annual, Vol. 17, No.2, Fall 2022-Winter 2023 Issue 34.

### گۆڤار:

- بلعقروز ، عبد الرزاق (٢٠٢٤)، العتبة الثانية من العلمنة الأخلاقية في المعاني والأصول، تبين مجلة للدراسات الفلسفية والنظريات النقدية، فصلية محكمة تعنى بالدراسات الفلسفية والنظريات النقدية، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، العدد ٤٧، المجلد ١٢-،شتاء، الدوحة.

- بن العيد، طاهري لخضير (٢٠٢٠)، درسة ظاهرة المظاهرات في الدول العربية وابعادها الاجتماعيه، مجلة تمكين الاجتماعي، جامعة زيان عاشور الجلفة، الجزائر، المجلد٢، العدد، ٣، سبتمبر .

– البوبكري، محمد (٢٠١٧)، المعيار والاستثناء في الفكر الفلسفي السياسي المعاصر: كارل شمت، جورجو آغامبين، يورغن هابرماس، الازمنة الحديثة، مجلة فلسفية فصلية تعنى بشئون الفكر والثقافة، العدد ١٤، الرباط.

– عبد العزيز، عبد الله حنفي (٢٠٢٣)، تأثير الامتناع عن التصويت على الديموقراطيات النيابية، مجلة البحوث القانونية والاقتصادية، جامعة المنوفية، المجلد ٥٧، العدد ٢، مايو .

– علوش، نور الدين (٢٠١٧)، اشكالية مفهوم السياسي في الفلسفة المعاصرة: كارل شميت انموذجا، مجلة الفلسفة، مجلة علمية محكمة تصدر عن قسم الفلسفة، كلية الاداب، جامعة المستنصرية، العدد السادس عشر، كانون الاول.

– الكشو، منير (٢٠١٨) مراجعة كتاب محاكمة حقوق الإنسان: جنيالوجيا الريبية الديمقراطية، تبين مجلة للدراسات الفلسفية والنظريات النقدية، فصلية محكمة تعنى بالدراسات الفلسفية والنظريات النقدية، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، العدد ٧/٢٦، خريف، الدوحة .

– الكوشو، منير (٢٠٢١)، الليبرالية والمشكل اللاهوتي السياسي، مجلة مؤمنون بلا حدود للدراسات والابحاث، ١٨ الكتوبر.

– هيدغر، مارتن (٢٠٢٠)، الفينوميمنولوجيا واللاهوت، ت: فتحي المسكيني، مؤمنون بلا حدود للدراسات و اللابحاث، ٨ ابريل.

## فارسی:

– ايتر، ديويد (١٣٧٥)، سنت روشنگرى، ت: محسن مديرشانه چى، مجله اطلاعات سياسى – اقتصادى، مؤسسه اطلاعات، شماره ١٠٥-١٠٦، خرداد و تير، تهران.

## سايتەكان

## عەرەبى:

– عادل، عبد الرحمن، العدو في المرآة: كارل شميت متسائلا الحداثة، اوراق نماء، مركز نماء للبحوث والدراسات، العدد ٦٥، بيروت، ٨ اكتوبر ٢٠١٥، ص ٩. هەروەها ئەم لينكە لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/٢٠.https://nama-center.com/Articles/Details/30567 :

– العجي، وائل، صعود اليمين القومي في أوروبا والأزمة الدينية والثقافية الهوية المتجددة، 18 فبراير 2020.

– https://www.alhurra.com/different-angle/2020/02/18

– وفا، تظاهرات في مدن وعواصم عالمية تنديدا بالعدوان الإسرائيلي المتواصل على قطاع غزة، الاهرام الالكتروني، ڕۆژی سەردانیکردن 4-5-2024

– .https://gate.ahram.org.eg/News/4798688.aspx

– الحرة / وكالات – دبي، مظاهرات حول العالم ضد حرب روسيا على أوكرانيا، ٢٦ فبراير، ٢٠٢٢.

– https://www.alhurra.com/alhrb-ly-awkranya/2022/02/26/

– الجزيرة، مظاهرات حاشدة حول العالم تندد بالحرب الروسية على أوكرانيا،2022/3/6، سەردانیکردن، ٢٠٢٤/٥/١٦

– https://www.aljazeera.net/news/2003/2/16/ .

– BBC. اعتقالات جماعية في جامعات أمريكية بسبب مظاهرات مناهضة لحرب غزة، 23 أبريل/ نيسان 2024.

– https://acpss.ahram.org.eg/News/21198.aspx .ڕۆژی سەردانکردن ٢٠٢٤/٦/١٧

– العربية، حفل تنصيب ترمب رئيسا للولايات المتحدة الأميركية، ڕێکەوتی 20/1/ 2025

– https://www.youtube.com/watch?v=XKRfpRIr5UU.

– بي بي سي، ثلاثة رجال دين حضروا حفل تنصيب ترامب، والرابع لم يحضر، من هم؟ سەردانیکردن 21 يناير/ كانون الثاني 2025: .

https://www.bbc.com/arabic/articles/clynwgn8012o

– بي بي سي، اعتقالات جماعية في جامعات أمريكية بسبب مظاهرات مناهضة لحرب غزة، سەردانیکردن 23 نيسان 2024

– https://www.bbc.com/arabic/articles/cgrjzvm71meo

– الجزيرة، احتشدوا في "مقبرة العظماء".. هذه أبرز مطالب الحراك الطلابي الفرنس، 2024/5/4:

– https://www.aljazeera.net/politics/2024/5/4/.

– اليوم السابع، آلاف الأشخاص فى إسبانيا يشاركون فى مظاهرات ضد حرب أوكرانيا الأحد، 25 فبراير 2024

– https://www.youm7.com/story/2024/2/25/.

- الشرق الاوسط، مظاهرات في ألمانيا وصربيا دعماً لأوكرانيا، ٢٤، فبراير ٢٠٢٤:
- https://aawsat.com
- دي، دبليو، مظاهرات تعم المدن الأوروبية ضد الغزو الروسي لأوكرانيا 6٦/3/2022 مارس ٢٠٢٢.
- https://www.dw.com/ar.
- القبس، ضد الانتخابات.. دفاعاً عن الديموقراطية لمؤلفه البلجيكي ديفيد فان ريبروك ٢٨ اكتوبر ٢٠٢٠
https://www.alqabas.com/article/5811993.
- لنحمِ التظاهر، منظمة العفو الدولي، رێکەوتی سەردانیکردن ٢٠٢٤/٨/٢٢
- https://www.amnesty.org/ar/what-we-do/freedom-of-expression/protest/
- العامر، سلطان، حجج كارل شميت ضد البرلمان 30 يناير 2013، کاتی سەردانیکردن ٢٠٢٥/٣/٧.
- https://www.sultan-alamer.com/2013/01/30

**فارسی:**

- آگامبن، از الهيات سياسى به الهيات اقتصادى، مصاحبەى جيان لوكا ساكو با جورجو آگامبن، ت: حسين نمكين. لەم سايتە رێکەوتی سەردانیکردن ٢٠٢٤/٣/٢٠: http://www.thesis11.com/Article.aspx?Id=53.
- باليبار، اتين، حقوق بشر و حقوق شهروند- دیالکتیک جدید برابری و آزادی، ت: محمد تقى برومند، https://www.newsecularism.com/2012/09/26.Wednesd.
- سيمون، بابلو، الديمقراطية عند كارل شميت، ترجمة: ياسين السويحة 03-02-2016 کاتی سەردانیکردن ٢٠٢٥/٣/٧
- https://aljumhuriya.net/ar/2016/02/03/.
- عبدالله پور چنارى، محمد، نقد لئو اشتراوس بر الهيات سياسي كارل اشميت؛ اشتراوس عليه اشميت، ١٣٩٢، لە رێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٥لەم سایەت 1392 /http://elmoiman.ir/1392 :.
- فغفورى آذر، ليلا، ميراث أرنت در نقدِ حقوق جهانشمول بشر./https://pecritique.com/2019/07/08
- يورونيوز، انتخابات الاتحاد الأوروبي: تعرف على أبرز الفائزين والخاسرين في دول التكتل الـ27:
- https://arabic.euronews.com/2024/06/10/european-elections-winner-looser-far-right-winner-germany-austria-spain-italy-meloni.
- كاتوزيان، همايون، مشروطه: انقلابى كه براى قانون بود ، Oct 2, 2012، سەردانیکردن ٢٠٢٤/٥/٢٢.
- https://www.youtube.com/watch?v=_R7nbG1C9fg .
- مهسا، اسداله نژاد، ترجمه و شرح:، از دموکراسی در دولت تامّ کیفی چه میماند؟ بازخوانی آرای کارل اشمیتی، لە سایتی نقد اقتصاد سیاسی، رێکەوتی ٢٠٢٤/٣/١٢، https://pecritique.com/2022/07/13.

**- ئینگلیزی:**

- Žižek, Slavoj (2003), How Much Democracy Is Too Much? Visited at 22/9/2024:
- www. https://inthesetimes.com/article/how-much-democracy-is-too-much, MAY 19.
- CNN, (2024) Protesters demand Israel stop bombardment of Gaza
- https://edition.cnn.com/videos/world/2024/01/14/exp-israel-war-global-protests-011404aseg1-cnni-world.cnn.
- BBC, (2024) Major Gaza protests at US universities 26 April 2024,
- https://www.bbc.com/news/world-us-canada-68901927.
- BBC, (2024), Major Gaza protests at US universities, visited at 26April 2024
- https://www.bbc.com/news/world-us-canada-68901927.

**Re-thonologization of Politics: The Projection of "the Politics and the Exception " and the Manifestations of "Political Theology" according to Carl Schmitt's Theory**

**Idrees Shekh Sharafi**
Political System and General Policy, College of Political Science, University of Salahaddin-Erbil, Kurdistan Region/Iraq
Idrees.mustafa@su.edu.krd

**Abstract**
Carl Schmitt, as a political and legal theorist, contends the political sphere, as the distinguishing line between friend and enemy, antecedes the state. This emanates from and confers autonomy upon the latent realms of the economic, the social, the moral, and the aesthetic spheres. He maintains that the modern state, despite its proclaimed rationalization, secularization, and the excision of the sacred from power, has ontologically not extricated itself from the hegemony of Catholic theology and its genealogical origins recede to religious monotheism.

The postulation for the state's unconditional sovereign authority is predicated upon a metaphysical substratum to legitimize its ontic existence, which eschews reliance upon an objective fundament but is inextricably tethered to the transmuted central locus where the historical juncture coincides with collective cognition. and the state can abrogate its justificatory mechanisms and bestow legitimization upon itself and legitimization upon its edicts.

According to Schmitt's theoretical framework, the unilateral determination of the sovereign in a state of exception constitutes the quintessence of politics, which is devoid of normative and moral dimensions, and the state is the exclusive entity that delineates the enemy. This becomes the epistemic foundation of this thinker's critique of liberalism and the representative apparatus, which, instead of decisional action, elevates compromise and perpetual dialogue to the essence of politics and engenders depoliticization through economistic reduction.

Furthermore, contemporary manifestations of re-theologization in prevailing politics and the phenomenon of depoliticization manifest themselves in pivotal conceptualizations of the modern state, which comprise: First, electoralism as the vacuous simulacrum of democracy and the resurgence of divine will and suffrage commodification, and the evacuation of democracy of its substantive core, which is demos and the commonweal. This signifies apathy in the political sphere and the flourishing of the far-right marketplace for fragmenting identity and populace. Second, the universalist discourse of human rights, which is a juridical construct divested of politics and the state, which has become the rhetoric of the abstracted human in lieu of good and evil. Third, demonstrative praxis, which has transmogrified from an efficacious act influencing determinations into a ritual of conscience pacification and an apotheosized theology.

**Keywords:** Political Theology, Exception, Decision, Electoralism, Human Rights, Mob Demonstration

**تَلْهُوتْ السِيَاسَة:إسقاط "السياسة والاستثناء" وتجليات "اللاهوت السياسي" وفقاً لنظرية كارل شميت**

**ادريس شيخ شرفي**
قسم النظم السياسية والسياسة العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين–اربيل، اقليم كوردستان، العراق
idrees.mustafa@su.edu.krd

**الملخص**
كارل شميت كمنظّر سياسي وقانوني، يعتبر المجال السياسي كخط فاصل بين الصديق والعدو، شرط مسبق للدولة، وهذا ما يستخرجه من تحت ظلال الشأن الاقتصادي والاجتماعي والأخلاقي والجمالي ويمنحه الاستقلالية. يعتقد أن الدولة الحديثة من الناحية البنيوية، رغم دعواتها للعقلنة والعلمنة وإزالة القداسة من السلطة، لم تتحرر أساساً من هيمنة اللاهوت الكاثوليكي وجذورها تعود إلى التوحيد الديني. حجة السلطة المطلقة للدولة مؤسسة على أساس ميتافيزيقي لتمنح الشرعية لوجودها، والتي لا تستند إلى أرضية موضوعية بل ترتبط بمرحلة الاستثناء المتغيرة التي فيها تتزامن المرحلة التاريخية مع الوعي الجماعي، والدولة تستطيع أن تنزع مبرراتها وتمنح الشرعية لذاتها والمشروعية لقراراتها.

وفقاً لنظرية شميت، القرار القطعي لصاحب السيادة في حالة الاستثناء يشكل جوهر السياسة، والذي يخلو من البُعد المعياري والأخلاقي والدولة هي الجهة الوحيدة التي تُعرّف العدو، وهذا يصبح أساس نقد هذا المفكر لليبرالية ونظام التمثيل الذي يجعل بدلاً من القرار، التسوية والحوار اللانهائي جوهر السياسة ومن خلال الاقتصدة (من الاقتصاد) يخلق اللاسياسة.

في البنية العليا تظهر مستجدات اللاهوتة في السياسة المعاصرة وعملية اللاسياسة نفسها في بعض المفاهيم الأساسية للدولة الحديثة والتي تتمثل في: أولاً؛ الانتخاب كشكل فارغ للديمقراطية وعودة الإرادة الإلهية والمتاجرة بالأصوات وإفراغ الديمقراطية من محتواها الذي هو الديموس والمصلحة العامة، وهذا يعني اللامبالاة في المجال السياسي وتحلية السوق للمتطرفين اليمينيين لتفتيت الهوية والشعب. ثانياً خطاب حقوق الإنسان الكوني كحق محذوف من السياسة ومن الدولة الذي أصبح خطاب الإنسان المجرد محل الخير والشر. ثالثاً التظاهر الذي من فعل مؤثر على القرار أصبح طقوس تهدئة الضمير ولاهوت مبتذل.

**الكلمات المفتاحية:** اللاهوت السياسي، الاستثناء، القرار، الانتخاب، حقوق الإنسان، التظاهر